**تایبەتمەندییەکانی کادیر و ڕۆڵی حزب لە پێگەیاندنیدا**

***نووسین و ئامادەکردنی: ڕێباز مستەفا**

***بابەت: هزری-ڕێکخستن**

***چاپ: چاپی دووەم، ٢٠٢٣ سلێمانی چاپخانەی....**

***دیزاین و بەرگ:....**

***تیراژ:**

***ژمارەی سپاردن:**

**سەرنجێک**

**ئەم نامیلکەیە ساڵی ٢٠٠٠، لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنی 'حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان'ەوە، بۆ خولی پێگەیاندنی کادیران ئامادەکراوە و بە چاپ و دیزاینێکی سادە چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە کە بەسەر چاپی یەکەمی نامیلکەکەدا تێپەڕیوە، بە باشمان زانی جارێکی دیکە چاپی بکەینەوە و بۆ ئەم چاپەش پێویست بوو دیسان پێیدابچینەوە، هەم لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمانەوە هەڵەوپەڵەکانی چاک بکەین و هەم هەندێک دەستەواژە و و گوزارەش بگۆڕین، کە باشتر لەگەڵ ئەم قۆناغەی تێکۆشانی کادیر و کاری حزبایەتیدا بگونجێن.**

**هیوادارم بەم نووسینە، بمانتوانیبێت خزمەتێک بکەین و بەشدارییێکی بچووکمان هەبووبێت لە هۆشیارکردنەوە و پێگەیاندنی ئەو کادیرانەی کە لە هەوڵی خۆپێگەیاندن و وەرگرتنی زانیاری و هونەری ڕێکخستن و بەڕێوەبردندان.**

## دەستپێک

کێن ئەوانەی دەبنە کادیر؟ چۆن کادیری چاک دەناسرێت و لە هی خراپ جیا دەکرێتەوە؟ ڕێکخستن دەبێ چۆن بێت و چۆن پتەو دەبێت؟ حزب چۆن دەتوانێت بە بەردەوامی بژاری کادیرانی خۆی بکات و ئەو ڕەوتە چۆن بە ڕێکوپێکییەوە ڕایی دەکرێت و درێژەی پێ دەدرێت؟ ئەمانە و چەندین پرسیار و سەرنجی دیکە لەم کورتەباسەدا دەخرێنەڕوو و هەوڵ دەدەین بە وردی لەسەریان ڕابوەستین و وەڵامی پێویستیان بدەینەوە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بە بیر بێنینەوە کە سیاسەتی حزب لە بواری خستنەکار و دابەشکردن و پێشخستن و پەروەردە و پێگەیاندنی کادیر، بەگوێرەی ئەو پێداویستییە بابەتییانەی کە بەرنامەی حزب و هێڵە سیاسییە گشتییەکەی و بڕیار و ئەرکەکانی ڕەنگی بۆ دەڕێژن، وەک ئەو ئامانج و ئەرکانەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و چالاکیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، یەکێکە لە بازنە بنەڕەتییەکانی چالاکیی حزب.[1] بێگومان هەر تەنیا دیاریکردن و خستنەکاری کادیر، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسەییەکانی حزب بەس نییە، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە و توانا و لێوەشاوەیی هەر کادیرێک و گونجانی لەگەڵ ئەو ئەرکە پێویست و لەپێشانەی کە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشان و ژیانی سیاسی دەیانهێنێتە پێشەوە، پێویستە حزب لەبەرچاویان بگرێت و بە بەردەوامی کاریان تێدا بکات و پرۆسەی بژارکردن و ئامادەسازی درێژەی پێ بدرێت.

ئەرک و قۆناغ بەردەوام لە گۆڕاندان و دەبێ هەموو کەس ئەو ڕاستییە تێبگات و بەپێی پێویستی و هەلومەرجی ئەو گۆڕانە خۆی ئامادە و تەیار بکات، کادیر دەبێ هاوشانی بزووتنەوە هەنگاو بنێت و بەجێ نەمێنێت،[2] چونکە بەبێ چوونەپێشی کادیر، بزووتنەوە و حزب تووشی نوشست و پاشەکشە دەبێت و ناتوانێت ئەرکی مێژوویی خۆی ئەنجام بدات. لێرەدا بایەخی سیاسەتێکی ڕاستودروستی حزب لە بواری کادیراندا دەردەکەوێت، کە ئەو پرسە پرسێکی یەکلایەنی نییە و پرۆسەیەکی کارلێککەری پێکەوەگرێدراو و پەیوەستە و دەبێ بە بەردەوامی لە ژیانی سیاسیی حزبدا بە هەند وەربگیرێت و کاری تێدا بکرێت و بە هیچ شێوەیەک فەرامۆش نەکرێت و نەخرێتە دواوە.

[1] وحدة النشاط الايدولوجي والسياسي والتنظيمي للحزب الشيوعي- د.حميد بخش، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي.
[2] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

ڕادەی کارتێکردنی حزب لە ژیانی کۆمەڵ و ڕەوتی خەبات و پێشکەوتنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری لە وڵاتدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی پێگەیشتن و چالاکی و دڵسۆزی و کەوتنەکاری کادیران لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و توانا و کاریگەریان لە بەرەو پێشەوەبردن و پەرەپێدانی ڕێکخستن و سازدان و ڕێبەرایەتیکردنی جەماوەر. لە هەمان کاتدا کادیرەکانیش کارتێکردنێکی بەرامبەر و کاریگەریان لەسەر ڕەوت و ژیانی حزب و کۆمەڵدا هەیە، بە جۆرێک کە ئاستی لێوەشاوەیی و چۆنایەتیی هەر کادیرێک دەبێتە پێوەری گەشەپێدانی حزب و توانا و کاریگەری لەسەر خستنەڕووی سیاسەتەکەی و هەڵوێستەکانی لە لایەک و ڕێبەریکردن و ئاراستەکردنی چالاکیی سیاسی و بنیاتنان و گەشەپێکردن و پاراستنی ڕێکخستنی حزب و ئاراستەکردنی چالاکیی ڕێکخراوەیی لە لایەکی دیکەوە. هەروەها ڕادەی وەرگرتن و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی بیری پێشکەوتوو و درککردنی بنەماکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیری لە لایەک و چالاککردن و دەوڵەمەندکردنی پراکتیکی حزبی و ئامادەسازیی حزب بۆ بەدیهێنانی بەرنامە مێژووییەکەی لە لایەکی دیکە، بە کادیر یەکلایی و ساغ دەکرێتەوە.[٣]

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە کادیر لە ژیان و تێکۆشانی حزب و کۆمەڵدا هەیەتی، بە پێویستی دەزانین بەر لەوەی باس لە توخمە پێکهێنەرەکانی سیاسەتی حزب لە بواری کارکردن لەگەڵ کادیردا بکەین، بە کورتی پێناسەیەکی کادیر بکەین و بە بیری بێنینەوە کە کێ دەتوانێت ببێتە کادیر و چۆن دەتوانێت لە ئاست ئەو پرۆسەیەدابێت؟ چونکە هەر وەک 'هۆشی منە' دەڵێت: بەرپاکردکردنی شۆڕش لەپێناو گۆڕینی کۆمەڵی کۆن بۆ کۆمەڵێکی نوێ ئەرکێکی پیرۆزە، بەڵام ئەو ئەرکە، ئەرکێکی سەخت و ئاڵۆزە، هەڵگرتن و شاندانە بەر بارێکی وا گران بۆ ماوەیەکی وا زۆر و بەردرێژ تەنیا لە مرۆڤی ئازا و پشوودرێژ دەوەشێتەوە، مرۆڤی خەباتگێڕ دەبێ پشت بە ڕەوشتی بەرزی خەباتگێڕانە ببەستێت، هەر ئەو کاتەش دەتوانێت ئەرکی پیرۆزی خۆی ئەنجام بدات.[٤]

---

[٣] وحدة النشاط.. حمید بخش.

[٤] زنان ویتنام، آرلین ایزن برگمن، ترجمه عبدالله کوشیار، سال چاپ ١٣٥٩، انتشارات چکیده.

## پێناسەی کادیر و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی خەباتگێڕ

کادیر ئەو کەسەیە کە بە هۆشیارییێکی سیاسیی فراوانەوە تێدەکۆشێت و خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی ڕوونی لەسەر دیاردە و ڕووداوەکاندا هەیە و بە بەردەوامی لە هەوڵی زیاتر خۆپێگەیاندن و خۆڕۆشنبیرکردندایە. هەروەها بە ڕاشکاوی و لێبڕاوییەوە پابەندبوونی خۆی بە کێشە نیشتمانی و نەتەوەییەکان ڕادەگەیەنێت و لە پراکتیکدا جێبەجێی دەکات و بیری پێشکەوتنخوازی دەکاتە ڕێنمایی کار و تێکۆشان و هەردەم لەپێناو چینە هەژارەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشێت و بەرگری لە مافەکانیان دەکات.

بێگومان ئەگەر کادیر نەتوانێت ئەو تایبەتمەندیانە لە خۆیدا بەرجەستە بکات کە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە مێژوویی و پیرۆزەی حزب پێویستن، ئەوا ناتوانێت ببێتە تێکۆشەرێکی مێژوویی. کادیر دەبێ لە ئاست ئەو ئەرکانەدا بێت و بۆ ئەوەش پێویستە ئەم ئاکار و تایبەتمەندیانەی تێدا هەبن و بەردەوامیش بە خۆی و کار و خەباتیدا بچێتەوە و هەڵە و کێماسییەکان ڕاست بکاتەوە و پەرەش بە لایەنە باش و سەرکەوتووەکانی بدات. بۆ ئەمەش پێویستە ئەم خاڵ و تایبەتمەندیانە لە کادیردا بەرجەستە بن:

ئا- کادیر دەبێ تێڕوانین و تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی لە بوارەکانی بیر و باوەڕەوە بە دەست هێنابێت و چەکدار بێت بە باوەڕێک کە ڕێنیشاندەری بێت لە کاتی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە و دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست بۆ گیروگرفتەکان لە هەموو ساتە سەختەکانی ژیانی خۆی و حزبەکەی.[1]

ب- کادیری تێکۆشەر دەبێ تێگەیشتنەکانی لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی واقعی و خەباتگێڕانەوە سەرچاوە بگرن.

شتێکی ڕوونە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە بە شێوەیەکی خۆڕسک و خۆکار پەیدا نەبووە، بەڵکوو لە هەلومەرجە سەختەکانی خەبات لە دژی بیروباوەڕە کۆنەپەرستە جیاجیاکانەوە دروست بووە و چەکەرەی کردووە.[2]

هەر حزبێک هێڵە فیکرییەکانی ڕوون و ڕاشکاو نەبوون، لە بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی کار و خەباتی ڕێکخراوەییشدا سەرکەوتوو نابێت و بە شێواوی و کوێرانە هەنگاو دەنێت. هەر بۆیەش لینین کاتی خۆی جەختی کردووەتەوە کە: 'هیچ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بێ تیۆری شۆڕشگێڕی نابێت'.

---

[1] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
[2] هەمان سەرچاوە.

ئەمە بۆ تاکەکانی نێو هەر بزووتنەوەیەکی خەباتگێڕیش هەر وایە و بە بێ تێگەیشتنێکی قووڵ و ڕاست و واقعی، پرسی ئاڵۆزی خەباتی نیشتمانی و کێشە و کۆمەڵایەتییەکان سەر ناخرێن و چارەسەر ناکرێن. بەو پێیە پێویستە کادیری خەباتگێڕ لەسەر ئەو بابەتە ڕابوەستێت و بە بێ خۆچەکدارکردن بە بیری پێشکەوتوو هەنگاو نەنێت، چونکە وەک وتمان لەنێو مەیدانی سەخت و ئاڵۆزی خەبات و لە بواری کردارییەوە سەری لێ تێکدەچێت و ناتوانێت چاکە و خراپە لە یەک جیا بکاتەوە و دەبێتە بەلایەکی ڕاستەقینە بە سەر حزبەوە. 'مەکسیم گۆرکی'ی کەڵە نووسەری ڕووس، جوانی وتووە: هەوڵ مێشکتان چەکدار بکەن ئینجا دەستتان.[٣]

بە بێ ئەو جۆرە خۆچەکدارکردنە، لە مەیدانەکانی شەڕ لەپێناو ژیانێکی شەرافەتمەندانە، لە بەرامبەر دوژمنەکانماندا تێکدەشکێین و دەکەوینە پەراوێزەوە. زۆر جار دەبیستین کە فڵانە کادیر زۆر دڵسۆزە، زۆر پاکە، مادام زۆر دڵسۆز و زۆر پاکە ئیدی حزب دەبێ پشتی لێ بکاتەوە، ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە، چونکە دڵسۆزی تەنیا یەکێکە لە مەرجەکانی کادیری هۆشیار و خاباتگێڕ، زۆر مەرج و تایبەتمەندیی دیکەش هەن کە ئەگەر کادیر بە دەستیان نەهێنێت ئەوا بە یەک، یان بە چەند لەو مەرج و تایبەتمەندییانە ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستودروست هەنگاو بنێت. هەبوونی نیازێکی چاک و ئامادەبوون بۆ گیانفیدایی، یان تەنانەت ئاگاداری لەسەر چەند زانیارییێک و شارەزایی لە ئەنجامدانی کارێکی پڕوپاگەندەیی و شتی لەو بابەتە بە تەنێ بەس نییە، بابەتەکە لەوە گرنگترە و پرسەکە پرسی گۆڕان و ئەنجامدانی ئەرکێکی گرنگ و مێژووییە، بۆیە پێویستە لەسەر کادیر بە قووڵی بزانێت، ئەو کارەی ئەو دەیکات، کارێکی سادە نییە و ئەنجامدانی ئەرکێکی مێژووییە. نابێت هەر چاویشی لەوە بێت کە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک، حزب مەشقی بدات و خول و کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ ساز بدات، ڕاستە نیوەی پرۆسەکە ڕەنگە لە دەرەوەڕا پێشکەش بکرێت، بەڵام نیوەکەی دیکە ناتوانرێت بە دەست بهێندرێت، مەگەر لە ناوەوەی خودی تاکەکانەوە نەبێت. پێویستە لەسەر کادیر و هەموو خەباتگێڕانی دیکەی حزب، کە لە دەروونی خۆیاندا پەروەشییێکی بەهێز و پاڵنەرێکی گەورە و کاریگەر و توانایەکی بەرز لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن و ئەو توانا و لێوەشاوەییەی هەیانە بە چاکترین شێوە بیخەنە کار و سوودی لێ وەربگرن. نابێت کادیر تەنیا چاوی لەوە بێت حزب کارێکی پێ بسپێرێت،[٤]

---

[٣]بچەهای پارما، ماکسیم گورکی، مترجم پوری عباسی، نشر حقیقت ١٣٥٦.
[٤] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

ئەویش بێ سێ و دوو ئەنجامی بدات، ئەمە ڕەنگە یەکێک بێت لە ئاکارە باشەکانی کادیری دڵسۆز و خەباتگێڕ، بەڵام پرۆسەی خەبات چەندین کار و ئەرکی گرنگی دیکەش دەخاتە بەردەم کادیر، کە مەرج نییە هەموویان لە لایەن حزبەوە ئاراستە بکرێن. کادیر خۆی دەبێ داهێنان و دەستپێشخەری هەبێت. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت، ئەو هەنگاوانە لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی حزب و چالاکیی ڕێکخراوەیی بەدەر نەبن و نەبن بە کاری خۆسەرانە و دەرچوون لە سیاسەت و بەرنامەی حزب.

پ- لەسەر کادیری خەباتگێڕ پێویستە کە خاوەنی تێگەیشتنێکی وردی ڕێکخراوەیی بێت. بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە تەنیا بە شیکردنەوەی لایەنە هزرییەکان واز ناهێنێت، ئەو بزووتنەوەیەی کە خاوەنی ئامانجی دیاریکراوە، دەبێ بزانێت چۆن بەو ئامانجە دەگات، لەوانەیە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر سەختدا ببینێتەوە، ئەو شتەی کە لەو مەترسیانەی بپارێزێت، بەدەستهێنانی بەرنامەیەکی سیاسیی زانستیانەیە. خەباتگێڕ دەبێ لە ڕەوتی تێکۆشانی خۆیدا بەرنامەیەکی هەبێت، تا توانای پێ ببەخشێت کە بە شێوەیەکی ڕاست ئامانجەکانی دیاری بکات. ئەگەر نەزانێت لە پێناوی چیدا تێدەکۆشێت، چ دەرووخێنێت و چ بنیات دەنێت، ئەوا لە چوارچێوەی پراکتیک و کاردا دەستەپاچە و سەرگەردان دەبێت و دەرک بەو ئامانجە ناکات کە خزمەتی دەکات،[1] بەم شێوەیە وەک کەسێکی نەزان و بێکاریگەر لەنێو شپرزەیی و داماویدا نوقم دەبێت و بە تەواوی نازانێت ئەو چالاکییانەی دەیانکات بە مەبەستی چی و لە پای چییەوەن. ئێمە کاتێک جەخت دەکەینەوە، کە لەسەر کادیر پێویستە خاوەنی تێگەیشتنێکی ڕاستودروستی بەرنامەیی بێت، مەبەستمان بەدەستهێنانی تواناکانیەتی لەمەڕ دیاریکردن و ساغکردنەوەی ئامانجەکانی، دەبێ خاوەنی بڕیارێکیش بێت سەبارەت بە ئامانجەکان و لەو کارەشدا سەرڕاست و لێبڕاو بێت، نەک ڕاڕا و دوودڵ.

ت- کادیری خەباتگێڕ دەبێ خاوەنی ستراتیژ و تاکتیکی ڕوون و گونجاو بێت. ئەو تایبەتمەندییەی کە ڕاستەوخۆ دوای تێگەیشتن لەسەر بەرنامەیەکی شیاو دێت و ئاماژەمان پێی دا، ئەوا بەدەستهێنانی توانایە لەسەر دیاریکردنی ستراتیژ و تاکتیکە سیاسییەکان و بەکارهێنان و پیادەکردنیان بە شێوەیەکی باش. بە شێوەیەک کە هەمیشە تاکتیک بخرێتە خزمەتی ستراتیژ و لەو چوارچێوەیەدا کاری تێدا بکرێت. دەبێ ئەوە بە چاکی بزاندرێت کە داڕشتن و دیاریکردنی ستراتیژ و هەنگاونان لەژێر ڕووناکیی بەرنامەیەکی ڕاست بە ئاراستەی ئەو

[1] هەمان سەرچاوە.

ستراتیژه، به تەواوی لە هۆشیاریی قووڵی کادیرانی حزبەوە سەرچاوە دەگرێت، بەم شێوەیە هێزە دۆست و دژەکان لەسەر ئاستی سیاسی لەیەک جیا دەکرێنەوە، کە بێگومان ئەو هەنگاوە لە کارە پێویست و هەرە لەپێشەکانی پرۆسەی خەباتە.[٢]

کادیری خەباتگێڕ هەرگیز ڕەمەکیانە و کوێرانە هەنگاو نانێت، چونکە ئەو دەزانێت ئەو ئەرکەی کە شانی داوەتە بەر ئەرکێکی سەخت و دژوارە و پێویستە بە وردبینیێکی تەواو و بە ئامادەییێکی فیکری و سیاسی و بە هۆشیارییەوە کار بۆ بەجێهێنانی بکات. بە بێ ئەو ئامادەییە وەک کەسێکی بێکارە هیچ ئەرکێکی تێکۆشانی پی ئەنجام نادرێت، ناتوانێت دۆست و دوژمن لە یەک جیا بکاتەوە، (هەر کەسێکیش دوژمنی خۆی نەناسێت و نەزانێت چۆن هەنگاو بنێت، ئەوە مانای وایە خۆیشی ناناسێت، ئەو کەسە ناتوانێت کار بکات و سوود لە چەکەکانی تێکۆشان وەربگرێت.)[٣]

ج- کادیری تێکۆشەر، دەبێ تێگەیشتنێکی قووڵی ڕێکخراوەیی هەبێت، هیچ حزبێک بە بێ ڕێکخستن ناتوانێت بمێنێتەوە. کەواتە ڕێکخستن کۆڵەگەی هەرە سەرەکیی حزبە، کادیر دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانیت و هەمیشە بە تەنگ تۆکمەکردن و پەرەپێدانی ڕێکخستنی حزبەکەی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵەکەیەوە بێت. هەموو کەس ناتوانێت تایبەتمەندیی خەباتکاری پێشکەوتنخواز بەدەست بێنێت، مەگەر لە چوارچێوەی ڕێکخستن و بەرنامەیەکی هەڵسەنگێندراوەوە نەبێت. ئەمە دەبێت لە مەیدانی کار و چالاکیدا بسەلمێندرێت. گەر کادیر کاری هەبێت نەک تەنیا قسە، ئەوا دەتوانێت ئەو تایبەتمەندییە لە خۆیدا دروست بکات[٤] و بە بەردەوامیش بەهێزی بکات و لە بواری پراکتیکیشدا بیسەلمێنێت، ئەو کادیرە توانای بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنی دەبێت، حزبیش پێویستە یارمەتیدەر و هاوکاری بێت بۆ ئەوەی لە کاری ڕێکخراوەییدا سەرکەوتوو بێت و داهێنانی هەبێت لە پیادەکردنی باشترین میکانیزم بۆ سەرکردایەتیکردنی ئۆرگانەکانی حزب. بێگومان ڕێکخستن هەر ئەوە نییە بتوانین خەڵکی تازە بۆ ڕیزەکانی حزب ڕابکێشین و لە شانە و ئۆرگانەکانی حزبدا ڕێکیان بخەین، بەڵکوو ڕێکخستن تایبەتە بە هەموو بوارەکانی دیکەی چالاکیی حزبی و هەموو بوارەکانی دیکەی کار و خەباتی حزبی و تەنانەت بوارە تایبەتییەکانی تاکەکانی ناو حزبیش

---

[٢] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
[٣] چەند بژارتن ژ ئاخافتنێن سەرۆک ئاپۆ، بەرگی دووەم.
[٤] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

دەگرێتەوە. کادیری حزب، یەکەم جار دەبێ لە خۆیەوە دەست پێ بکات، خۆی ڕێک بخات، گیانی ڕێکخستن و دیسپلینی خەبات لە خۆیدا بەرجەستە بکات، ئینجا بەو گیانە و بەو ئامادەییەوە لە مەیدانی کرداریدا پیادەی بکات. کادیر دەبێ هەمیشە ئەو ڕاستییەی لە بیر بێت کە چۆن مەحاڵە بە بێ ئاو و هەوا ژیان بەسەر بەرێت، ئاواش ناتوانێت بە بێ ڕێکخستن درێژە بە ژیانی سیاسی بدات.[٥]

چ- کادیری هۆشیار، دەبێ دڵسۆز بێت و دڵی پڕ بێت لە خۆشەویستیی بەرامبەر بە گەل و نیشتمان و هەمیشە بەرامبەر کێشەی گەلەکەی وەفادار و ڕاستگۆ بێت. پیرۆزترین و مەزنترین پاڵنەر بۆ ئەوەی کادیر سوور بێت لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە مێژووییەکانی سەر شانی، خۆشەویستیی گەل و نیشتمان و بەها بەرزەکانی ژیانە. هەر کادیرێک بە تەواوی گرێدراو و نوقمی نێو ئەو خۆشەویستییە نەبێت و پابەندی بەها پیرۆزەکانی نیشتمان و کێشە ڕەواکەی نەبێت، ئەوا ناتوانێت دڵسۆز بێت و ناتوانێت بە بڕوا و متمانە و دڵگەرمییەوە درێژە بە کار و خەباتی پێشکەوتنخوازانە بدات. ئەو کادیرە تەنیا بە مەبەستی تایبەتی و بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی بە دوای حزب کەوتووە و لە ڕۆژە سەختەکانیشدا نەک هەر خۆی پێناگیرێت و لەگەڵ حزبدا نامێنێتەوە، بەڵکوو دەشچێتە سەنگەری دوژمن و پشت لە گەل و نیشتمان دەکات. زۆربەی ئەو کادیرانەی کە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا لایان داوە و هەڵگەڕاونەتەوە و بەزیون و مەیدانی خەباتیان جێهێشتووە، بەهۆی نەبوونی ئەو خۆشەویستی و پابەندییە ڕۆحی و سۆزدارییەوە بووە بەرامبەر نیشتمان و بەها پیرۆزەکانی خاک و نەتەوە.

ح- کادیری خەباتگێڕ، دڵی پڕە لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە هاوڕێکانی و لە گەلەکەی.. خەباتگێڕ دەبێ ئەوە بزانێت کە چۆن دڵی پڕ و تژی بێت لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە بەها بەرزەکان و گشت لایەنگر و دۆست و هەوادارانی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی گەلەکەی، لە پێش هەمووشیانەوە بەرامبەر بە هاوڕێ و هاوخەباتەکانی خۆی.[٦]

بەم شێوەیە، هەموو کادیرێک پێویستە بە وردی ئەو تایبەتمەندییە گرنگە لەبەرچاو بگرێت، نەک هەر تایبەت بە خۆی، بەڵکوو بەرامبەر بە هاوڕێکانی و هەموو ئەوانەی لە خەباتدا سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە، هەر کاتێک هاوڕێیەکی بینی، یان هەستی کرد لەو بنەمایە لایداوە، دەبێ لەسەری

[٥] هەمان سەرچاوە.
[٦] هەمان سەرچاوە.

ڕابوەستێت و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیشی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەییدا ڕابگەیەنێت و حزبی لێی ئاگادار بکاتەوە.

مرۆڤی خەباتگێڕ، کەسێکی ئاسایی نییە، ئەو گرێدراوی تێکۆشانی گەلەکەیەتی، لەپێناو بەها نیشتمانییەکان و هێنانەدیی ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەی گیانی دەبەخشێت، ئەو پرۆسەیە، واتە پرۆسەی خەبات و خۆفیداکردن، پرۆسەیەکی ئاسان نییە و هەرگیز کاری تاکە کەسێکیش نییە بە تەنیا، بەڵکوو پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی و کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری تواناکان هەیە، بۆیە پێویستە کادیر بۆ دەستەبەرکردنی ئەو هاوکاری و هەماهەنگی و پێکەوە گرێدانەی تواناکان، هەوڵ بدات ڕێز لە خەڵکی دیکە بگرێت، تۆوی خۆشەویستی و متمانەی بەرامبەر بچێنێت و گیانی بەرزی هاوڕێیەتی و هاوخەباتی لە ڕیزەکانی حزبدا تۆکمە بکات.

حزب نابێتە ئامرازێکی کاریگەری تێکۆشان، تەنیا لە ڕێی هەماهەنگی و یەکێتیی نێوان ئەندامان و تێکۆشەرانییەوە نەبێت، تەنیا بە ئۆرگانیزەکردنی تواناکانیش داهێنان و شارەزاییەکان دەکەونە خزمەتی گەل، بۆیە لەسەر کادیران و خەباتگێڕانی حزب پێویستە کە تەواو لەگەڵ یەکدیدا تەبا و ڕێککەوتوو بن و گیانی هاوڕێیانە و هەڵوێستی هاوڕێیانەیان هەبێت لە بەرامبەر یەکدیدا. ئەمە بەو مانای نایەت کە هەڵوێستی ڕەخنەگرانە نەنوێنن بەرامبەر بە هەڵە و چەوتییەکانی یەکدی، چونکە ئەگەر ڕخنە نەگیرا، ئەوا ئەو ئەندامەی هەڵەی کردووە لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت لەسەر دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی و پشت بە بنەمای خۆشەویستی و پەیوەندیی هاوڕێیانە دەبەستێت.[2] کادیری خەباتگێڕ، کاتێک ڕەخنە لە هاوڕێیەکی خۆی دەگرێت مەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو هاوڕێیەیە لەو هەڵە و کێماسییەی کە هەیەتی، چونکە ئەو دەزانێت (ئەگەر هەڵە ڕاست نەکرێتەوە دەبێتە برینێکی کێماوی).[3] بۆیە بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت، کاتێک کە هەستی بە چەوتییێک کرد لە هەر هاوڕێیەکی جا ئەو هاوڕێیە لە هەر پلە و پایەکی حزبیدا بێت، پەنجە بخاتە سەر هەڵەکە و هاوکاریی ئەو هاوڕێیەی بکات بۆ ڕاستبوونەوە. ئەو هەڵوێستە بە هەڵوێستێکی بنیاتنەرانە دادەندرێت و لە بنەمای خۆشەویستی و ڕێزگرتن و گیانی هاوڕێیانە سەرچاوە دەگرێت.

مرۆڤی تێکۆشەر خۆی لە هاوڕێکانی بە زلتر نازانێت و فیزیان بەسەردا لێ نادات و بێڕێزیان لەگەڵدا ناکات. هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەمە هەڵسوکەوت

---

[2] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
[3] کورتەیەک لە ژیان و کردەوەکانی لینین، وەرگێڕانی کەریمی حیسامی.

بکات، ئەوا کەسێکی لاواز و ناتەواوە.[٤] چەمکی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە یەکدی، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کادیری خەباتگێڕ، هەر کەسێک کە شوێنێکی لە حزبدا گرت، لە سەریەتی ئەو تایبەتمەندییە لە خۆیدا بەرجەستە بکات و لە ڕیزەکانی حزبدا پتەوی بکات. کادیری خەباتگێڕ، دڵسۆزە بەرامبەر بە هاوڕێکانی، بە وەفایە بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان، بەرامبەر بە ژیان و بژێویی کەسوکاریان خۆی بە بەرپرس دەزانێت، لە کاتی پێویست هاوکاریان دەکات، بە ویژدان و ڕەوشتبەرزە بەرامبەریان. شەهیدان سەروەرانی گەلن، کادیر دەبێ هەمیشە ئەوەی لەبەرچاو بێت و سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆی و حزبەکەی بە بەرهەمی خوێنی ئەوان بزانێت. کادیری خەباتگێڕ، ڕیز لە تەواوی گەل دەگرێت، بەهاکانیان دەپارێزێت و ڕێز لە تێڕوانین و دابونەریتیان دەگرێت و هەستی هیچ کەسێک بە ناهەق ئازار نادات، سنگی فراوانە بەرامبەر ڕەخنە و ئامۆژگارییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، بە تایبەت بەرامبەر ئەوانەی لە کارەکانیدا سەروکاریان لەگەڵدا هەن. (ئەرکی مرۆڤی خەباتگێڕ خزمەتکردنە بە خەڵک، پێویستە ئەو متمانەیە دروست بکەن، ڕێز و متمانەی تەواوی خەڵک بۆ خۆتان ڕابکێشن، دەبێ بە شێوەیەک هەڵسوکەوت بکەن بەر لەوەی دەچنە شوێنێک، خەڵک چاوەڕێتان بکات، کە گەیشتنە ناویان یارمەتیدەر و هاوکارتان بن، کاتێک ناوچەکە بە جێ دێڵن، خەڵک پەرۆش بن بۆتان.. بۆ بەدەستهێنانی ئەو متمانەیە پێویستە یارمەتیی خەڵک بدەن و ڕێزیان لێ بگرن و خۆشتان بووێن.[٥]

هەندێک کادیر نەخۆشیی بەدەستخستنی دەسەڵات و بەرپرسێتیان هەیە، هیچ شتێکیان لا گرنگ نییە، تەنیا بەدەستخستنی دەسەڵات و بەرپرسێتی نەبێت، بۆ ئەمەش هەر کارێک کە لە دەستیان بێت دەیکەن، تەنانەت ئامادەن بە ناهەق هاوڕێیەکی خۆیان تێک بشکێنن، بۆ ئەوەی بە سەر ئەودا باز بدەن و بگەنە ئامانجی تایبەتی خۆیان. ئەو جۆرە کەسانە ئامادەن ئاژاوە و پشێوی و درۆ و هەرشتێکی دیکە بکەن، هەندێک کەموکورتی و لاوازی دەکەنە بیانوو و بەدوایدا دەچن و گەورەی دەکەن. بێگومان وەکو پێشتر گوتمان مرۆڤی حزبی و کادیری دڵسۆز، کاتێک کەموکورتی و چەوتی و لاوازییەکی لە هاوڕێیەکی خۆی بینی، ئەرکە لە سەری لە چوارچێوەی شیاو و ڕێکخراوەییدا ڕەخنە بگرێت و پێشنیاز و ڕوونکردنەوەی خۆی بداتە ئەو هاوڕێیە، ئەمە دەبێ بە مەبەستی چاککردن و ڕاستکردنەوە بێت، ئەمە لە قازانجی حزبدایە،

---

[٤] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
[٥] زنان ویتنام، آرلین ایزن برگمن، ترجمه عبدالله کوشیار، سال چاپ ۱۳۵۹، انتشارات چکیده.

پێچەوانەکەشی بە هەمان ئەندازە زیان بە حزب و تەنانەت خودی کادیرەکەش دەگەیەنێت.[1] هەر کاتێک ئەو تایبەتمەندییە، واتە خۆشەویستی و ڕێزگرتن و گیانی هاوڕێیانە سست و لاواز بوو، ئەوا شیرازەی ڕیزەکانی حزب تێک دەچێت و دەستەبەندی ناحزبی پەرە دەستێنێت و چارەنووسی حزب دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە پێویستە جەخت بکەینەوە کە لەسەر کادیری هۆشیاری خەباتگێڕ ئەرکە بەرامبەر ئەو پرسە چاوکراوە و بەئاگا بێت و هەر حاڵەتێکی نێگەتیڤی لەو بوارەوە لە ڕیزەکانی حزبدا بەرچاو کەوت، لەسەری ڕابوەستێت و هەوڵی بنبڕکردن و چارەسەی بدات.

خ- کادیری خەباتگێڕ، هۆشیار و بەئاگایە، کادیر دەبێ لە بوارەکانی مێژوو، سیاسەت، ڕۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزری و فەلسەفیدا هۆشیارییەکی باشی هەبێت. کادیر ئەگەر بەرچاوڕوون و هۆشیار نەبێت لەو بوارانەی کە لە ڕەوتی خەباتدا سەروکاری لەگەڵیاندا هەیە، ئەوا ناتوانێت ببێتە کادیرێکی کارامە و جێی متمانەی حزب و کۆمەڵ، بۆیە: لەسەر هەر کادیرێکی حزبی پێویستە هۆشیارانە و بە چاوی کراوە و بە متمانە و بیر و باوەڕێکی پێشکەوتنخوازانە و فەلسەفی قووڵەوە هەنگاو بنێت.[2] کادیر دەبێ شارەزای مێژووی گەلەکەی بێت و هەڵسەنگاندنی تایبەتی هەبێت سەبارەت بە ڕابردووی ژیانی سیاسیی گەلەکەی و خاڵە گەش و لاوازەکانی مێژووی گەلەکەی دەستنیشان بکات و لە میانی تێکۆشانی خۆیدا لەبەرچاویان بگرێت. هەر کادیرێک مێژووی نەتەوە و نیشتمانەکەی و ئەزموونی خەبات و تێکۆشانی گەلانی زۆرلێکراوی نەخوێندبێتەوە، ناتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، نەک هەر ئەوەشی پێ ناکرێت، بەڵکوو ناشتوانێت خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت و لە ڕەوتی پێشکەوتنی تێکۆشان بە جێ دەمێنێت. کادیر دەبێ تێڕوانینی فراوانی هەبێت لەسەر پرسە سیاسییەکان و لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بارودۆخ و پێشهاتەکاندا بەرچاوڕوون و هۆشیار بێت. بەرچاوڕوونی لە تێڕوانینی سیاسیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییە لەپێشەکانی کادیری خەباتگێڕ، بە بێ ئەو هۆشیاری و بەرچاوڕوونییە، وەک کەسێکی کۆلەوار و بێکارە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لە بەرەوپێشبردنی پرسی ڕەوای گەلەکەی، جگە لەوەش ڕەنگە بکەوێتە داوی دوژمنەوە و بەهۆی نەزانی و کۆلەوارییی خۆیەوە ڕاستەخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن ناحەزانی

---

[1] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.وحدة النشاط.. حمید بخش.
[2] وحدة النشاط.. حمید بخش.

گەل و دوژمنانی حزبەوە بە کار بهێندرێت و زیانی گەورە بە حزب و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەی بگەیەنێت.

کادیری خەباتگێڕ، لە بواری ڕۆشنبیری و کلتوورییەوە دەبێ هۆشیار بێت، پێویستە هۆشیارییێکی باشی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت. هەر کادیرێک ئەمانە پشتگوێ بخات، نابێتە کادیرێکی دڵسۆز و بەرچاوڕوون. ئەگەر کادیر لە ڕووی هزری و فەلسەفییەوە هۆشیاری و تێگەیشتنێکی قووڵی نەبێت، ئەوا ناتوانێت مێژووش بخوێنێتەوە، ناتوانێت لە مەیدانی کاری سیاسی و ژیانی حزبییەوە هەنگاو بنێت، ناتوانێت کۆمەڵگەی خۆی بناسێت و دواجار ڕێبەرایەتی و پێشەنگی گەل بکات.

پەیوەندییێکی زیندوو و بەردەوام لە نێوان ئەمانەدا هەیە، کادیر دەبێ بە بەردەوامی هەوڵی شارەزابوون و زانین و ساغکردنەوەیان بدات و پێکەوەیان ببەستێتەوە، ناتوانێت بە بێ شارەزایی لەوانەی باس کران، سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت. ئەو لایەنانەی باس کران هەر یەکەیان بەشێکن لە گشتدا. کادیر ڕەنگە لە بەشێک لەوانە زیاتر شارەزا بێت و خوێندنەوە و بایەخدانی زیاتری هەبێت، بەڵام نابێت بەشەکانی دیکەش فەرامۆش بکات و هیچیان لەبارەوە نەزانێت. کادیر زمانی گۆیای حزب و نووێنەری حزبە لەو شوێنەی کاری تێدا دەکات، ئەرکەکەشی ئەرکێکی پیرۆز و سەختە، بۆیە دەبێ بە هۆشیارییەوە هەنگاو بنێت، بە تایبەت ئەو کادیرانەی نیازی ڕێبەریکردن و بەڕێوەبردنی ناوەندە گرنگەکانی حزبیان هەیە، دەبێ لە بوارەکانی دیکەشدا هۆشیاری و شارەزاییان هەبێت. پێویستە خوێندەوارییەکەیان تێری ئەوە بکات کە خۆیان بەو زانستانەی باس کران گۆش بکەن. پێویستە لەسەر ئەو کادیرانە جگە لە زمانی دایکیان زمانی دیکەش بزانن، بە تایبەت کە زمانی کوردی تا ئێستاش نەبۆتە ئەو زمانەی کە سەرچاوەی زۆر و بابەتی فەلسەفی و ئابووری و سیاسی و ... پێ بنووسرێن، بۆیە ناچارن بۆ خوێندنەوە لەو بوارانەدا پەنا ببەنە بەر زمانی گەلانی دیکە.

بە کورتی کادیری ناشارەزا و کۆلکەخوێندەوار ناتوانێت بە چاکی هەنگاو بنێت و ئەگەر خزمەتیش بکات، ئەوا خزمەتێکی سنووردار دەبێت، ڕەنگە زۆر جاریش بەهۆی ئەو ئاستە نزمەی لەو بوارانەدا، ببێتە ڕێگر لە بەردەم ڕەوتی گەشەسەندنی ڕێکخستن و تۆکمەیی ڕیزەکانی حزب، دواجار ببێتە کێشە و بەڵایەکی گەورەش بە سەر حزبەوە.

د- کادیر و مرۆڤی خەباتگێڕ، ڕەوشتبەرز و ئاکارجوانە. ئاکاری تێکۆشەرانە، تایبەتمەندییەکی مرۆڤی خەباتگێڕە و هەمیشە جەختی لەسەر کراوەتەوە، بۆیە دەبێ کادیر پابەندبوونێکی ئاکاری لەگەڵ پرسی گەلەکەیدا هەبێت. ئەو تایبەتمەندییە، واتە تایبەتمەندیی ئاکاری، بریتییە لە هەموو هەستونەست و بڕوا و نەریت و بەها بەرزە جێگیرەکان کە لە هەڵوێستی سەرکردەیەک، یان کادیرێک بەرامبەر بە حزب و تێکۆشانی ڕەوای حزبدا دەردەکەون. ئەو تایبەتمەندییە هەموو ئەو چەمکانە دەگرێتەوە کە سیمای ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکەن. نێوەرۆک و گەوهەری ئاکاری مرۆڤی سەرڕاست و خەباتگێڕ سەرچاوە لە بەرژەوەندیی بەرزی گەل و نیشتمانەوە دەگرێت و هەموو شتێکی دیکە لە پێناو بەرزڕاگرتن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییەدا دەبێت.[٣]

کادیری خەباتگێڕ، دەبێ لە ئەرکی خۆیدا سەرڕاست و ڕاستگۆ بێت، دەبێ لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆی و هاوڕێکانی، لە گوزارشت و سەرنجەکانی بۆ سەرووی خۆی وردبین و ڕاستگۆ و ڕاشکاو بێت. بەداخەوە هەندێک کادیر بۆ داپۆشینی کەموکورتییەکانیان خۆیان لە حزب دەشارنەوە و توانا و لێهاتوویيان وا دەخەنەڕوو کە زۆر جار حزب تووشی هەڵە دەبێت. بێگومان ئەو خۆشاردنەوەیە شتێکی کاتییە و لە مەیدانی کرداریدا ڕاستییەکان دەردەکەون، بەڵام تا ئەو ڕاستیانە وەک خۆی ڕوون دەبنەوە، ڕەنگە حزب زەرەر و زیانی زۆر بکات، بۆیە هەر کادیرێک ڕاستگۆ نەبێت بەرامبەر بە حزب و هاوڕێکانی خۆی، جێی گومانە و پێویستە حزب لەسەری ڕابوەستێت و کەمتەرخەم نەبێت لە ئاست ئەو دیاردە مەترسیدارە.

کادیری خەباتگێڕ و مرۆڤی خەباتگێڕ لە کارەکانیدا دەبێ دەستپاک و ڕەوشتبەرز بێت. ڕەوشتی تێکۆشەرانە، وەک پێشتر باس کرا، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە کادیری دڵسۆز و سەرڕاستی پێ لە خەڵکانی دی جیا دەکرێتەوە. کادیر ئەگەر لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە ناتەواو بوو، چ لە ڕیزەکانی حزب و چ لەنێو جەماوەردا، ناتوانێت سەرکەوتوو بێت و نابێتە جێی متمانەی هیچ کەس. هەمیشە بە چاوێکی سووکەوە تەماشا دەکرێت و لە کارەکانیدا خۆی تەنیا دەبینێتەوە و وەتاق دەکەوێت. پرۆسەی خەباتیش پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیە و پێویستی بە هاوکاری و کاری بە کۆمەڵە. ئەو هاوکاری و کاریکردنەیش بە کۆمەڵ، پێویستی بە دڵسۆزی و تەبایی و ڕیزگرتن و پاراستنی بەهای تێکۆشانەوە هەیە. بۆیە بەرجەستەکردن و پاراستن و خۆبەستنەوە بەو بەهایانە، بۆ هەر کادیرێک و هەر سەرکردە و تەنانەت هەر تاکێکی حزب پێویستییێکی

---

[٣] هەمان سەرچاوە.

بەردەوام و بەرهەستە. کادیری حزبی لە هەر پلە و پایەیەکدا بێت، بە تایبەت ئەو هاوڕێیانەی لە ئۆرگانە داراییەکانی حزب ئەرکیان پێ دەسپێردرێت، دەبێ لە کادیرە هەرە دڵسۆز و دەستپاکەکانی حزب بن، چاوکراوە و شارەزا بن لە کارەکەیاندا، ئاگاداری بازاڕ بن و فێڵیان لێ نەکرێت، لە ڕێکخستنی کاروباری دارایی حزبدا ورد و سەرڕاست بن، بە هیچ شێوەیەک هەق بە خۆیان نەدەن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆیان دەستکاریی داهات و داراییەکانی حزب بکەن. کادیر نابێت ئەو بنەما جێگیرەی حزب پێشێل بکات و دارایی حزب بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکار بێنێت، چونکە ئەمە لادانە لە بنەمای تێکۆشان و ئەرکی ڕاستەقینەی خەبات و گۆڕینی کۆمەڵ و زیانی زۆر لە حزب دەدات و متمانە و شیرازەی کار دەشێوێنێت و تۆوی دوودڵی لە جیاتی متمانە و باوەڕی هاوڕێیانە بڵاو دەکاتەوە، تا حزب دەگاتە سەر خەت و چارەسەری ئەو حاڵەتە دەکات، دەبینین زیانێکی زۆری پێ کەوتووە. کادیری خەباتگێڕ، نابێت شوێن و پایەی حزب لە پێناو ئامانجە تایبەتی و کەسییەکانی خۆی بەکار بێنێت، جا ئەو پلە و پایە حزبییەی هەر چۆن بەدەست هێنابێت، چ لە ڕێی هەڵبژاردنی دیموکراسییانەی حزبی بووبێت، چ لە ڕێی پێشخستن و دامەزراندنی لە سەرەوەڕا بووبێت و چ بەهۆی دڵسۆزی و لێوەشاوەیی و پێویستیی ئەرکی حزبییەوە بووبێت. نابێت ئەو شوێن و پێگەیە بکات بە سەنگەرێک بۆ ئەوەی دژایەتیی نارەوای خەڵکانی دیکەی پێ بکات و مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی لە پەنادا جێبەجێ بکات. هەر کادیرێک ئەو خەسڵەتەی تێدا بوو، ئەوا دوور دەکەوێتەوە لە ڕەوشتی بەرزی تێکۆشان و گیانی مرۆڤدۆستانە و هەموو چەپەڵکارییێکی دیکەی لێ دەوەشێتەوە.

ر- کادیری خەباتگێڕ، کەسێکی وریایە، ئەو ئەرکەی کادیر ئەنجامی دەدات، ئەرکێکە پێویستی بەوپەڕی وریایی و چاوکراوەیی هەیە. مرۆڤی خاووخلیچک و دەستوپێ سپی و بێ زاروپل، ناتوانێت شان بداتە بەر ئەو ئەرکە سەختە. کادیر دەبێ داهێنەر بێت، فۆرم و شێوە سواوەکان پەسند ناکات، داهێنان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی خەباتگێڕ، ئەو تایبەتمەندییە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتن لە کاری تاکەکەسیدا. کە دەڵێین فۆرم و شێوە سواوەکان پەسند ناکات، مەبەستمان ئەوە نییە کە بە کەیف و ماشای خۆی هەڵسوکەوت بکات، نەخێر، نابێ هەرگیز بە شێوەیەکی خۆسەرانە و بێ بەرنامە بجووڵێتەوە، بەڵکوو دەبێ لە چوارچێوەی پرۆگرام و بە پلان و نەخشەوە دەست بە داهێنان و ئافراندن بکات. هەموو هەنگاوێکی کادیری هۆشیار حسابی بۆ کراوە و هەرگیز ڕەمەکیانە و کوێرانە کار ناکات.

ز- کادیری خەباتگێر، ئازایە و دوورە لە ترسنۆکی و خۆپەرستی. بۆ هەموومان ڕوونە کە پرۆسەی خەبات و حزبایەتیکردن، پرۆسەیەکی سەخت و دژوارە، تەنیا مرۆڤی ئازا ئەو کارەی پێ ڕادەپەڕێندرێت، بۆیە ئازایەتی و ئامادەی خۆفیداکردن و بوێری تایبەتمەندییەکە کە مرۆڤی خەباتگێڕ لە خۆیدا بەرجەستەی بکات. شەهید 'سەڵاح محەمەد' (کە یەکێک لە کادیرە هەڵکەوتووەکانی گەلەکەمان بوو لە ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕێکی ناوخۆ لە ناودەشتی ناوچەی ڕانیە شەهید کرا)، لەو بارەیەوە جوانی وتووە: "هەموو شۆڕشگێڕێک ئازایە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئازایەک شۆڕشگێڕ بێت"[1]

بەم شێوەیە دەبینین ئازایەتی تایبەتمەندییەکی پێویست و گرنگی مرۆڤی خەباتگێڕە و مرۆڤی خەباتگێڕ باش دەزانێت بە بێ ئەو تایبەتمەندییە زەحمەتە بتوانێت شان بداتە بەر ئەو ئەرکە سەختە. کەسانی ترسنۆک تەنیا لە ڕۆژانی خۆش لەگەڵ حزبدا دەبن، کاتێ سەختییەک هاتە پێش، ناتوانن خۆیان ڕابگرن و لە ڕەوتی خەبات لاڕێ دەبن و پشت لە حزب و هاوڕێکانیان دەکەن.

ژ- کادیری هۆشیار و مرۆڤی خەباتگێڕ، گیانی ڕەخنە لەخۆگرتن و لێبوردنی هەیە، ڕەنگە هەر کەسێک لە میانی کارکردنی خۆیدا جاری وا هەبێت تووشی هەڵە و کێماسی ببێت، ئەمە شتێکی ئاساییە، بەڵام کاتێ کە هەستی بە کەموکورتییەکە کرد، یان لە لایەن هاوڕێکانی و دەزگا حزبییەکانەوە ڕەخنەی لێ گیرا، بە سنگفراوانییەوە ڕەخنە لە خۆی بگرێت و بە خۆیدا بچێتەوە و خۆی ڕاست بکاتەوە. بەداخەوە هەندێک لە هاوڕێیان هەن لە هەموو شتێک ناڕازین و کەسیان قبووڵ نییە و بەردەوام خەریکی دروستکردنی کێشەن و حزب سەرقاڵ دەکەن. هەندێک هاوڕێی دیکە هەن کە کرانە بەرپرس ئیدی کەس ناخوێننەوە و گیانی خۆبەزلگرتن و لووتبەرزی بەرچاویان لێ دەگرێت، ئەو کەسانە ناتوانن ڕەخنەی هاوڕێیانی خۆیان قبووڵ بکەن و بە زوویی تێکدەشکێن و ناتوانن ببنە کادیری دڵسۆز و بەرکەنار دەبن.[1]

پرەنسیپی (ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن) کە دواتریش دێینە سەری، یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی حزبی پێشکەوتنخواز و فاکتەری هەرە کاریگەری پێگەیاندن و دروستبوونی کەسێتیی سەرڕاست و خەباتگێڕە و هەر کادیرێک ئەو تایبەتمەندییەی تێدا نەبێت، وەک مرۆڤێکی نەخۆش لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێت لە هیچ ڕوویێکەوە پێش بکەوێت و بەسەر حزبیشەوە دەبێتە بارگرانی و بەڵایەکی ڕاستەقینە و شیرازەی گیانی هاوڕێیانەش

---

[1] وتەیەکی هاوڕێی شەهیدم سەڵاح محەمەد.. (لە ڕۆژژمێرێکی تایبەتی خۆم وەرمگرتووە.)
[1] پرسی کەسێتی لە کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان.

دەشێوێنێت. مرۆڤی ڕێکخستن و کادیری دڵسۆز، بەم شێوەیە دەجووڵێتەوە کاتێک کە ئەرکێکی پێ سپێردرا دەبێ جێبەجێی بکات. کاتێک کە بینی ئەو ئەرکەی پێ ڕاناپەڕێندرێت و هاوڕێیەکی دیکە هەیە لەو باشتر دەتوانێت ئەو کارە بکات، دەبێ بڵێ ئەو هاوڕێیە لە من باشتر ئەو کارە ئەنجام دەدات و پێشنیاز بکات کە ئەو ئەرکە و ئەو بەرپرسێتییە لەو وەربگرنەوە و بیدەن بەو هاوڕێیە، بەڵام بەداخەوە هەندێک هاوڕێ هەن هەر کارێک بێتە پێشەوە، دەڵێن دەتوانین ئەنجامی بدەین، کەچی لە بواری پراکتیکەوە هیچیان لە دەست نایەت و ئەگەر حزبیش حسابی لێ خواستن و ویستی بەرپرسێتیان لێ بسەنێتەوە، ئیدی دنیا بەسەر خۆیاندا وێران دەکەن و دەڵێن دیارە حزب متمانەی بە ئێمە نییە، ئەمانە نایەن ڕەخنە لە خۆیان بگرن و خۆیان هەڵبسەنگێنن.[٢]

کادیری خەباتگێڕ و دڵسۆز، دەبێ بزانێت حزب لە کاتی پێویست و بەپێی پێویستیی قۆناغەکە ئەرکی پێ دەسپێرێت و ئاواش ئەگەر پێویستی کرد ئەرکەکەی لێ دەستێنێتەوە، ئەمە تا ڕادەیەک دەشچێتە چوارچێوەی پەروەردەی کادیر و لە قازانجی حزب و خودی کادیرەکەشدایە. کادیری هۆشیار و مرۆڤی خەباتکار، پێویستە گیانی لێبووردنی تێدا بێت و دڵی بە ڕق و کینەی بێ جێ کرمێ نەکات. پێویستە لە جیاتی ئەوە خۆشەویستی و ڕێزی بەرامبەر دروست بکات و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا، لە میانی کارکردنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەوپەڕی سادەیی و ڕووگەشی و دڵپاکی نیشان بدات، نەک لە جیاتی ئەوە خۆی گۆشەگیر و دڕدۆنگ بکات.

بە کورتی ئەم بابەتە زیاتر هەڵدەگرێت و حزب پێویستە نووسین و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی قووڵ لەسەر کادیران و ئەو هاوڕێیانەی کە ئامادە دەکرێن بۆ وەرگرتنی ئەرکی کادیری، بڵاو بکاتەوە و بە بەردەوامی ڕێنوێنی و بەرچاوڕوونی بداتە هاوڕێیان بۆ ئەوەی ڕەوتی خەباتکارانەی حزب و کاروانی تێکۆشانی گەل، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بچێتە ڕێوە و لە ئاستەنگ و گیروگرفتی ڕۆژانە پارێزراو بێت.

بێگومان ئەو چەند سەرنجەی باسمان کردن، بەس نین بۆ کادیری هۆشیار و خەباتگێڕ، زۆر تایبەتمەندی و ئاکاری بەرزی دیکەش هەن کە کەسێتیی خەباتگێڕانەی کادیر پێک دێنن و ئێمەش هەوڵ دەدەین لە درێژەی باسەکەماندا و لە میانی شیکردنەوەی بنەما و ڕەگەزەکانی کارکردنی حزب لە بواری کادیردا ئاماژەیان پێ بدەین.

---

[٢] مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، جومعە.

تا ئێستا تەنیا لایەنێک باس کراوە و لەمەو دواش بە کورتی لەسەر لایەنی دووەم، واتە ڕۆڵ و ئەرکی حزب لە بواری پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیردا ڕادەوەستین و هەوڵ دەدەین ئەو لایەنە بە وردی بخەینەڕوو.

## بنەما و ڕەگەزەکانی سیاسەتی حزب لە بواری کارکردن لەگەڵ کادیردا

ئەم بنەما و ڕەگەزانە لە چەند بازنەیەکی یەکانگیر و پێکەوە بەستراوی پرۆسەیەکی هەمەلایەنە پێک دێن، کە ناکرێت لە یەک جیا بکرێنەوە و هیچ کامیان نابێت فەراموش بکرێن. لەم باسەدا[٣] هەوڵ دەدەین یەک یەک باسیان بکەین و لەسەریان ڕابوەستین.

### ١- دەستنیشانکردنی کادیر:

یەکێک لەو بازنە سەرەکیانەی کارکردنی حزب لە بواری کادیران دەستنیشانکردن و دانانی کادیرە، ئەمە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ئامادەکردنی کادیر و پێشخستنی کاری ڕێکخستنە بۆ هەر حزبێکی پێشکەوتنخوازی خەباتگێڕ، بە بێ دەستنیشانکردنێکی تەواو و هەمەلایەنەی هەڵسەنگێندراوی کادیر، حزب لە توانایدا نابێت ڕێکخستنێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکات و ریزەکانی خۆی بپارێزێت. دەستنیشانکردنی کادیر هەر تەنیا پرسێکی تایبەت بە ڕێکخستن نییە ، بەڵکوو لە هەمان کاتدا پرسێکی سیاسی، هزری، ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی، مەعنەوی و ئاکاریشە. ئەو پرسە بۆ ژیان و چالاکیی حزب و توانا و کاریگەرییەکەی لە گۆڕان و پێشخستنی کۆمەڵ پرسێکی زۆر پڕبایەخ و گرنگە، بۆیە چۆنێتی و شێوازی دەستنیشانکردن و دانانی کادیری شیاو، پێویستە بە ڕێکوپێکی و ڕاستودروستییەوە ئەنجام بدرێت و دوور بێت لە خۆپەرستی و تێڕوانینی تاکڕەوانە و یەکلایەنە. بۆ پەیڕەوکردن و دەستەبەرکردنی ئەو شێوازەش، بۆ هەڵسەنگاندنی کەسەکان و ئەندامانی حزب و پاکڕاگرتنی ڕیزەکان و پاراستنی دیموکراسیی نێوخۆی حزب و هەموو ئەو لایەنانەی دیکە لە بارەی دەستنیشانکردنی کادیردا، پێویستە پرەنسیپی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ پەیڕەو بکرێت. گرتنەبەری شێوازی زانستیانە بۆ ئەو پرسانە، یەکێکە لە پێداویستییە بەرهەست و لەپێشەکان بۆ هەر حزبێکی خاباتگێڕ، فەرامۆشکردن و لادان لەو بنەمایە، یان کەمتەرخەمیکردن و شلوخاوی تێیدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانی ئەوتۆ دزە بکەنە نێو ناوەندەکانی بەڕێوەبەرایەتیی حزب، کە چالاکی و شکۆ و پێگەی حزب بخەنە مەترسی و تۆکمەیی حزبی و یەکێتیی ڕیزەکانی لە پاڵ یەک هەڵبوەشێننەوە. ئەزموونی ژیان و تاقیکردنەوەی حزبە خەباتگێڕەکان ئەوەیان ساغ کردووەتەوە کە هەموو ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنە زۆر گەورانەی کە حزب لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و

---

[٣] وحدة النشاط، د. حميد بخش.

ڕۆشنبیریدا بەدەستی هێناوە، بەرهەمی کار و تێکۆشانی لەخۆبردووانەی کادیرە هەڵسووڕاو و کارامەکانییەوە بووە، زۆربەی شکست و هەڵاتن و هەرەسەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سەرکردە و کادیرەکان. تاقیکردنەوە دەریخستووە کە هەر کاتێک پرەنسیپی دەستنیشانکردنی کادیر بە باشی لەبەرچاو نەگیرابێت و هەر کاتێک کەمتەرخەمی خاووخلیچکی زاڵ بووبێت، ئەوا خەڵکانی ناشایستە توانیویانە بخزێنە نێو پرۆسەی ڕێبەرایەتیکردنی حزب و لە ئەنجامیشدا لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانیان بووە، شکستیان هێناوە، یاخود لە بازنەیەکدا بە دەوری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیاندا خولاونەتەوە و دیسپلین و شکۆی حزبیان پێشێل کردووە.

لینین و زۆر لە ڕێبەر و سەرکردە جیهانییەکانی دیکە، بایەخێکی زۆریان بە پرسی دەستنیشانکردن و شێوازی دیاریکردنی کادیر داوە و بە بەردەوامی جەختیان لەسەر دەستنیشانکردن و دانانی کەسانی شایستە کردووەتەوە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە کاری حزبیان پێ بسپێردرێت و لە ئاست ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا بن.

ئەو تایبەتمەندی و پێوەرانەی کە بنەمای دەستنیشانکردنی کادیریان پێ دیاری دەکرێت، ئەمانەی خوارەوەن:

**ئا- تایبەتمەندییە سیاسییەکان:** ئەمە بریتییە لە دڵسۆزی بۆ حزب و ئامانجە دیاریکراوەکانی و تێگەیشتنێکی قووڵ سەبارەت بە سیاسەتی حزب و تێکۆشان لە پێناو جێبەجێکردن و بەهێزکردن و پێشخستنیدا. هەروەها هەڵوێستی داهێنەرانە لە بارەی سیاسەتی دیاریکراوی حزب و گۆشکردنی جەماوەر بە گیانی نیشتمانی و نەتەوەیی و باوەڕبوون بە هێزی داهێنەرانە و بڕوابوون بە ئایدۆلۆژیا و هەستکردن بە بەرپرسێتیان بەرامبەر بە حزب و گەل.

**ب- تایبەتمەندییە کردەییەکان:** بریتین لە هەبوونی توانای سەرکردایەتیکردنی ئەو دەستەیە، یان ئەو بەشەی کە پێی سپێردراوە و هەماهەنگی و کارکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەو دەستەیە و بەرجەستەکردنی گیانی یەکێتی و هەماهەنگی و گیانی تێکۆشان و لەخۆبردوویی بۆ جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردە و سیاسەتەکانی حزب؛ هەبوونی شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کار و دانانی شێوازی گونجاو بۆ تێکۆشان لە گشت بوارەکانی چالاکیی حزبیدا؛ هەبوونی توانا و هێنانەکایەی ئاراستەی کارکردن لە کات و بارودۆخە دیاریکراو و تایبەتەکان و بەرپرسبوون لە گرتنەبەری هەڵوێستی پێویست و کارکردن و هەنگاونان بە شێوەیەکی بوێرانە و بەرجەستەکردنی نموونەی

کەسێتیی دیار لە کار و ڕەوشتدا.. بە واتایەکی دیکە، خەسڵەتە کردارییەکان بریتین لە شارەزاییە کردارییەکان و لێزانی لە ڕێکخستن و هەبوونی ئەزموونی خەبات و تێکۆشان لە بواری کردارییەوە. هەروەها داهێنان و لێهاتوویی و دەستپێشخەری لە پێکەوەبەستنەوەی زانستیی تیۆری لەگەڵ پراکتیک و جێبەجێکردندا بۆ کارکردن لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و ڕێکخستن و گۆشکردن و ڕێبەریکردنیان.

**پ- تایبەتمەندییە ئاکارییەکان:** ئەم تایبەتمەندیانە هەموو ئەو چەمکانە لە خۆ دەگرن کە سیمای ئاکاری مرۆڤ دیاری دەکەن و لە بەرژەوەندیی بەرزی گەل و نیشتمانەوە سەرچاوە دەگرن و گشت شتێکی دیکەی مرۆڤی سەرڕاست و خەباتکار لەپێناو بەرزڕاگرتن و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییەدا دەبێت. ئەو خەسڵەتانە خۆیان لەم لایەنانەدا دەنوێنن: دڵسۆزی بۆ پرسی ڕەوای گەل و نیشتمان، خۆشەویستیی وڵات و خاک، هەوڵدان بۆ یەکێتی و تەبایی ڕیزەکانی گەل، دژایەتیکردنی ناحەزان و دوژمنانی گەل و مرۆڤایەتی، ئامادەیی بۆ هەر کار و ڕەفتارێک لەپێناو بەرژەوەندیی حزب و کۆمەڵگەکەی، برجەستەکردنی گیانی هاوڕێیەتی و هاوکاریی بەرامبەر و هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە لە ئاست خەڵک، پاراستن و پاکڕاگرتنی خێزان و پەروەردەکردنی نەوەی نوێ، هەروەها کادیر دەبێ کەسێکی شەرافەتمەند و دادگەر و سادە بێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسیی خۆیدا.

ئاکاری خەباتگێڕانە ناکۆکە لەگەڵ گیانی سوودخوازی و ماستاوچێتی و بەکارهێنانی پێگەی حزبی بۆ مەبەستی تایبەتی. سەرکردایەتیی حزب و کادیری حزبی پێویستە پێوەرێکی یەکسانی هەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوانەی دی کە لەگەڵیدا کار دەکەن. نیشاندانی سۆز و لێبوردن و چاوپۆشین لە هەندێکیان و پێداگرتن و توندوتیژی بەرامبەر هەندێکی دیکەیان، زەقکردنەوە و بەرجەستەکردنی لایەنی پۆزەتیڤ و شاردنەوەی لایەنی نێگەتیڤی ئەوانەی خۆشی دەوێن، جا بە هەر هۆکارێکەوە بێت، چ خزمایەتی و ناوچەگەرێتی و چ شتی تایبەت و کەسی و هەر هۆکارێکی دیکەی وەک هاومەزاجی و دەستەبەندی لە لایەک و دەرخستن و گەورەکردنی لایەنی نێگەتیڤ و شاردنەوەی هەموو شتە چاک و لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەوانەی کە خۆشی ناوێن، یان بیروڕای جیاوازیان هەیە لە لایەکی دی، ئەم هەڵسوکەوتە هەڵسوکەوتێکی ناپەسندە و بە تەواوی ناکۆکە لەگەڵ ئاکاری خەباتگێڕانە و زیان بە پرسی دەستنیشانکردنی ڕاستودروستی کادیر و پێشخستن و یەکێتی و ڕەوتی گەشەسەندنی حزب دەگەیەنێت، چونکە ئەوە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئامانجی

بەرزی خەبات لەپێناوی نیشتمان و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە یەک ناگرێتەوە. گرنگیدان بە خەسڵەتە ئاکارییەکانی کادیری حزبی، بۆتە بابەتێک کە پێویستە هەمیشە جەختی لەسەر بکرێتەوە و چاودێری و بەدواداچوونی بۆ بکرێت. ئەمە لەپێناو بەرزڕاگرتنی ناووناوبانگی کەسێتیی حزب و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی شتێکی زۆر پێویستە، چونکە دوژمنانیش هەمیشە لە هەوڵی شێواندن و تێکدانی کادیرانی حزبدان، بە تایبەت شێواندن و بۆگەنکردنیان لە ڕووی ئاکارییەوە، بۆ ئەوەی بتوانن درز و کەلەبەر لە ڕیزەکانی حزبدا دروست بکەن و هێز و توانا و کاریگەرییەکەی لاواز و بێبایەخ بکەن، لە سیاسەتی ڕۆژانەیاندا بە بەردەوامی کار لەسەر ئەو بابەتە دەکەن.

**ت- تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی حزب:** بابەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کادیری حزبی، بابەتێکی گرنگە و پەیوەستە بە سیمای حزب و ئەو ئەرک و ئامانجانەی کە پێویستە بەدەستیان بێنێت. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی بۆ کادیری حزبی ڕۆڵێکی گەورەی نەک هەر لە ژیانی نێوخۆی حزب و نەک هەر لە بواری پاراستنی ناسنامە و سیمای چینایەتی بە تەنیا، بەڵکوو ڕۆڵێکی گەورەی لە بواری چالاکی و کاریگەرییەکەی لە تۆکمەکردن و بەهێزکردنی تواناکانی بۆ کارکردنە سەر ژیانی کۆمەڵ بەپێی ئامانجە نزیک و دوورەکانییەوە هەیە. بەم جۆرە و لەبەر ئەوەی حزب پەیامی پیرۆزی پێیە و ئەرکێکی مێژوویی ڕادەپەڕێنێت، لە سەری پێویستە چاکترین و دڵسۆزترین کەس ڕێبەرێتی و سەرکردایەتییەکەی بگرنە دەست، ئەم پرسە لە ڕووی سیاسی و هزری و ڕێکخستنەوە بۆ هەر حزبێکی خەباتگێڕ بایەخێکی زۆری هەیە. باشکردن و پاڵاوتنی کادیری حزب و ڕیزەکانی حزب بە شێوەیەکی گشتی، مانەوە و پایەداریی حزب دەستەبەر دەکات. هەر وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە، کادیر لە بۆتەی خەبات و تێکۆشانی لێبڕاوانەی خۆیدا بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەل، بەو لەخۆبوردوویيەی کە دەینوێنێت، دەتوانێت بەرفراوانترین خەڵک لە دەوری حزب کۆبکاتەوە، بۆیە دەبێ لە ئاست ئەو پرۆسەیەدابێت و حزبیش هەمیشە چاکترین کەسانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا و کاروباری سەرکردایەتیکردنی خۆی هەڵبژێرێت و بە بەردەوامیش چاودێریی ئەو چالاکییە چارەنووسسازە بکات. فەرامۆشکردن و کەمتەرخەمی بەرامبەر بە پرسی دەستنیشانکردنی کادیر و پێشخستن و چاودێریکردنی، دەرگا لە بەردەم خەڵکانی ناشایستە و نامۆ بە ڕێبازی خەباتگێڕانەی حزب دەکاتەوە، کە خۆیان بخزێننە نێو ئۆرگانەکانی حزب، کە ئەمە لە ئاکامدا یەکێتیی ڕیزەکانی حزب و یەکێتی و هەماهەنگیی بەڕێوەبەرێتی

و بیر و کرداری حزب لەنێو دەبات، بەمەش حزب تووشی پاکتاوبوون و هەڵوەشانەوە دەبێت و هێواش هێواش خەسڵەت و شێوازی تێکۆشانی دروستی خۆی و تۆکمەیی ڕێکخستن و پاکیی ئایدۆلۆژیاکەی لەنێو دەچێت و توانا و کاریگەری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەست دەدات. لەبەر ئەمانە هەمووی، لەسەر حزب و ئۆرگانەکانی حزب پێویستە کە زۆر بە وریایی و بەرچاوڕوونی و بە ڕێکوپێکییەوە کار بکەن بۆ ئامادەکردن و پێشخستنی کادیری نوێ و پەروەردە و پاڵاوتنیان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شایستە و ڕێکوپێک سەرکردایەتیی حزب بگرنە دەست.

**ج- تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە پەروەردەی خودییەوە:** پێداویستی دەستەبەرکردنی ئەو خەسڵەتانەی کادیر، لە گەشەسەندنی بەردەوام و دینامیکی حزب و کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەش وا لە کادیر دەکات کە هەمیشە پێویستی بەوە هەبێت پەرە بە هۆشیاریی خۆی و ڕادەی خوێندن و خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ئەزموونی ژیانی بدات و خۆی بە ئاستێک بگەیەنێت کە نەک هەر کادیری ئەمڕۆ بێت، بەڵکوو لەگەڵ گەشەکردنی حزب و کۆمەڵ هەنگاو بنێت و بتوانێت ڕێبەر و پێشەنگی دواڕۆژیش بێت.

بەداخەوە هەندێ کادیر، تەنانەت لە ئاستی سەرکردایەتیکردنی حزب و ئۆرگانە گرنگەکانیشدا هەن، کە نەک هەر زەحمەت نادەنە بەر خۆیان لە بواری پەروەردەی خودی و خۆپێگەیاندن هەوڵ بدەن، بەڵکوو ڕۆژنامەی حزبەکەشیان ناخوێننەوە، ئەمانە بە ڕاستی لە ڕەوتی پێشکەوتنی حزب و کۆمەڵ بە جێ دەمێنن و هەوڵ دەدەن حزبەکەش لەگەڵ خۆیاندا بچەقێنن و لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی کەم بکەنەوە. ئەم هەوڵ و هەنگاوەی ئەوانە لەگەڵ هەوڵ و هەنگاوەکانی دوژمنانی حزب تێک دەکەنەوە و یەک ئەنجام دەدەن بە دەستەوە.

ئەزموونی هەموو حزبێکی خەباتگێڕ، ئەو ڕاستییەی سەرەوەی ساغ کردووەتەوە، هەر کاتێک خەڵکانی بەتوانا و هۆشیار و بەرچاوڕوون، ئەوانەی بە دوای داهێنان و پێشکەوتنەوەن، لە سەرووی سەرکردایەتیکردنی حزب و لە پێشەوەی مەیدانی چالاکیی حزبدا بووبن، ئەوا سەرکەوتنی ئەو چالاکییەی حزب و ئەو ڕەوتەی کە حزب گرتوویەتیە بەر مسۆگەر بووە، لە هەر شوێنێکیش بە پێچەوانە خەڵکی خاوخلیچک و دواکەوتوو، ئەوانەی باوەڕیان بە پێشکەوتن نییە و بارودۆخەکان گەیاندوونی بەو شوێنە، لە سەرووی سەرکردایەتیکردنی ئۆرگانەکاندا بووبن، ئەوا چالاکیی حزب ڕاوەستاوە و هێز

و زیندوویێتییەکەی تووشی شکست و پووکانەوە بووە. بۆیە هەوڵ و توانای خۆپێگەیاندن و پشتگیریکردن لە نوێخوازی و هەرچی پەرە بە گەشەسەندنی حزب دەدا، خەسڵەتێکی بنەڕەتی سەرکردە و کادیری تێکۆشەرە و بە بێ ئەوە سەرکەوتن مەیسەر نابێت.

وەک هەمیشە جەختمان کردووەتەوە حزب ئەرکێکی گەورەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی مەزنی لە ئەستۆدایە و پێویستە ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەرکانەیدا بکات. لەسەر هەر کادیرێکی دڵسۆز پێویستە هۆشیارانە و بەوپەڕی متمانەبەخۆبوون و بە بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانەی هزری و فەلسەفییەوە هەنگاو بنێت و هێز و شیان لە حزبەکەیەوە وەربگرێت بۆ ئەوەی پرەنسیپی داهێنان و ئافراندن لە خۆیدا بەرجەستە بکات.

بە بێ ئەو هۆشیاری و متمانەیە و بە بێ هەبوونی باوەڕێکی پێشکەوتنخوازانە ناتوانێت بچێتە نێو جەماوەر و جڵەوی ڕاپەڕاندنی چالاکیی حزبی بگرێتە دەست. حزب بەرامبەر ئەوانەی بەرچاو تاریکن و لە کارکردندا هیچ بەرنامەیەکی دروستیان نییە و لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە کێشە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەت، ئابووری، کلتوور و ڕۆشنبیرییەوە نییە، نابێت کەمتەرخەم بێت و چاوپۆشی بکات و بەرگەیان بگرێت، چونکە لە ئاکامدا چارەنووسی ئەوانە هەر شکست و لادان دەبێت، لەو حاڵەتەشدا حزب تا زووە مشووریان بخوات باشترە.

**٢- پەروەردەکردنی کادیر:**

یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دیکە لە سیاسەتی حزب، سەبارەت بە کادیر، بریتییە لە پەروەردە و ئامادەکردنی کادیر. ئەو پەروەردەکردنە گەشەپێدان و دەرخستنی شارەزاییەکانی کادیر لە بوارێکی دیاریکراوی حزب و کۆمەڵ لە لایەک و پەروەردە و گۆشکردنی هەمەلایەنە و وەرگرتنی زانیاریی گشتی لە بواری بیروباوەڕ و سیاسەت و ئابووری و ڕۆشنبیری لە لایەکی دیکە لە خۆ دەگرێت. پەروەردەکردنی کادیر، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕەوتی تێکۆشان و چالاکیی حزبیدا بەڕێوە دەچێت، کە ئەمە پەرە بە ئەزموون و هۆشیاری و زانیارییەکانی کادیر دەدات، بە شێوەیەک کە ئەو زانست و زانیاری و شارەزاییەیان لەگەڵ کار و کردەوە و پراکتیکی ڕۆژانەیاندا هەماهەنگی دەبێت و هەر دوو لایەنەکە دەبنە تەواوکەری یەکدی. لێرەوەیە کە خەسڵەتە سیاسی و

کرداری و ئاکارییەکانی کادیر تۆکمە دەبن و توانای داهێنان و باڵادەستیان بۆ سەرکردایەتیکردنی حزب و ڕێبەریکردنی جەماوەر دەردەکەوێت.

پەروەردە و فێرکردنی تیۆری بایەخێکی زۆری هەیە بۆ پێگەیاندنی کادیر، یارمەتی دەدات کە یاساکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و سروشت و بیری مرۆڤ تێبگات و شارەزایان ببێت و بتوانێت لە خزمەتی چالاکی و دیاردە و لایەنە پێویستەکانی حزب و کۆمەڵ بەکاریان بێنێت.

بێگومان کادیر تا هۆشیارتر بێت و تا مەودای زانیاری و شارەزاییەکانی فراوانتر بێت بیروباوەر و متمانەی بە کێشەی گەلەکی پتەوتر دەبێت و ئەو زانیاری و شارەزاییەش وەک ڕێنوێنی و چرای دەستی دەبێت لە کارکردن و چالاکییەکانی ڕۆژانەیدا.

گورجوگۆڵی کادیر لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە ڕێکخراو و ئۆرگانەکان و بەشداریی چالاکانەی لە ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو ئەرکانەیدا، بایەخێکی زۆر بەرهەستی هەیە و پەیوەستیشە بە ڕادەی پەروەردە و گۆشکردنی کادیرەکە خۆی. کاتێک کادیرێک باش پەروەردە کرا و ئەویش لە بواری کار و پراکتیکدا کاری پێ کرد، ئەوسا دەبینین شارەزایی و ئەزموونی ئەو کادیرە دەردەکەوێت و تایبەتمەندییەکانی سەرکردایەتیکردنی حزب و کۆمەڵی تێدا بەرجەستە دەبن و کاریگەری و کاردانەوەی بەرامبەری نێوان ڕێکخراوی حزبی و سەرکردایەتی دروست دەبێت، ژیانی دروست و ساغلەمی حزبایەتی و گەشەی یەکێتی و پەیوەندیی هاوڕێیانە و قبووڵکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی حزب.. ئەمانە هەمووی پەیوەستن بە ڕادەی پەروەردە و گۆشکردنی کادیرەوە. جگە لەوە ڕەنگدانەوەیەکی پۆزەتیڤی بەردەوامیشی دەبێت لە پێگەیشتن و نەشونمای کادیرەکە و پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە بە شێوەیەکی ڕاستودروست دەبێتە یارمەتیدەرێکی چالاک لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندندا. بابەتێکی دیکە کە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ حزب ئەوەیە کە پێویستە گرنگییەکی باش لە هەموو ڕوویەکەوە بە کادیرانی خوارەوە، یان باشترە بڵێین کادیرانی ناوەنجی بدات. پێویستە لە سیاسەت و هەنگاوی ڕۆژانەیدا تێکۆشانی بەردەوام و بەربڵاو ئەنجام بدات لەپێناو ئامادەکردن و ەروەردە و پێگەیاندنیان لە ڕووی چۆنایەتی و زۆرکردنیان و دەستەبەرکردنیان لە ڕووی چەندایەتییەوە.

کادیرانی ناوەنجیی حزب، ڕایەڵی نێوان سەرکردایەتیی ناوەندی و ڕێکخراوە ناوچەیی و سەرەتاییەکانن و سیاسەت و بەرنامەی کار و تێکۆشانی حزب لە هەموو مەیدانەکاندا ئەنجام دەدەن، پەیوەندیی نێوان حزب و جەماوەری گەل

پەرە پێ دەدەن، سەرکردایەتیی ئۆرگانە سەرەتایی و کەرت و هێڵە جۆراوجۆرەکانی حزب دەکەن. ژمارەی ئەو کادیرانە لەگەڵ فراوانبوونی بنکەی حزبی و بنکەی کۆمەڵایەتیی حزب زیاد دەبێت، بە هەمان شێوە، ئەرکیشیان لەگەڵ ئەو بەرفراوانبوونەی بنکەی حزب زیاد دەبێت.

'جیۆرجی دیمترۆڤ'[1] بە بایەخەوە دەڕوانێتە ڕۆڵی ئەو کادیرانە و جەخت لەسەر پشتگیری و چاودێریان دەکاتەو و دەڵێت: "ئەمانەن کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە گشت بوارەکاندا بڕیار لەسەر سەرکەوتنە سیاسییەکانی حزب دەدەن".

پەروەردەکردنی کادیر، پرۆسەیەکی داڕێژراو و ئامانجداری هەمەلایەن و بەردەوامە، بۆیە پێویستە ئەو پرۆسەیە، واتە پرۆسەی پەروەردەکردنی کادیر ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت و ئەنجامیان بدات:

ئا- گۆشکردنی کادیر بە زانست و بیری پێشکەتنخوازانە و شارەزاکردنی لە باری سیاسی و پراکتیکی و هونەری سەرکردایەتیکردنی تێکۆشان و وەرگرتنی ئەزموونی تێکۆشانی گەلان، کە ئەمانە یارمەتیی کادیر دەدەن بۆ ئەوەی هۆشیار و بەرچاوڕوون بێت لە هەڵوێستگرتن لە هەموو بارودۆخێکدا و لە کێشە و یاسا و ڕێساکانی گەشە و پێشکەوتنی ژیان تێ بگات.

ب- ڕۆشنبیربوون بە زانستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە ئەدەبی و هونەرییەکان، ڕۆشنبیربوون بەو بابەتانە یارمەتیی کادیر دەدات بۆ شارەزابوون لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە، کە بەو هۆیەوە دەتوانێت ڕۆشنبیریێکی گشتی و هەمەلایەنە وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی شارەزایی و کارزانی لە بواری پراکتیک و سەرکردایەتیکردنەوە.

پ- ڕۆشنبیربوون بە کاروباری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبردن و هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەستن بە زانستە تیۆرییەکان سەبارەت بە ڕێکخستن و ئەزموونی ڕێکخراوەیی، کە لە زانستی بنیاتنانی حزب و تیۆری بەڕێوەبردنی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن.

ت- ڕۆشنبیربوون بە زانستەکانی پەروەردە و سایکۆلۆژیا و ستاتیکا و هەموو ئەو زانست و فاکتەرانەی دیکە کە توانا و دەسەڵاتی پەروەردە و هۆشیاریی

[1] جیۆرجی دیمترۆڤ میخایلۆڤ (١٨٨٢-١٩٤٩)، خەڵکی وڵاتی بولگاریا، یەکێک لە سیاسەتوان و سەرکردە ناودارەکانی پارتی کۆمۆنیست، کە ساڵانێک سەرۆکایەتیی پارتی کۆمۆنیستی بولگاریا و سەرۆکایەتیی نێونەتەوەیی کۆمۆنیست (کۆمینتێرن)ی کردووە.

کادیر و پێگەیشتنی کەسایەتیی سەرکردەیان تێدا دێنێتە کایە و بەرچاوڕوونیان دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکی سەر شانیان لە لایەک و نواندنی هەڵسوکەوتی شایستە لە بەرامبەر ئەوانەی سەرکردایەتی دەکەن و لە بەرامبەر جەماوەریشدا لە لایەکی دیکەوە.

ج- ڕۆشنبیربوون بە ئەزموونی خەباتی جیهانی، لە پێشیانەوە ئەزموونی حزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی ژێردەستە و شارەزابوون لە پێشکەوتنە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهانی هاوچەرخ و گۆشبوون بە گیانی هاوکاری و برایەتیی نێوان گەلان و هەموو ئەو ئەزموون و دەرس و پەندانەی کە دڵسۆزی و کارامەیی کادیر لە کارکردن بۆ سەرخستنی کێشەی ڕەوای گەل و وڵاتەکەی، تۆکمە و بەهێزی دەکەن.

چ- ڕۆشنبیربوون و هۆشیاربوون بەرامبەر هەموو هەوڵ و جموجۆڵەکانی دوژمنان، بە شێوەیەک کە بتوانێت بە بەرچاوڕوونییەوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە و پووچەڵیان بکاتەوە.

**٣- پێشخستنی کادیر:**

پێشخستنی کادیر، بنەمایەکی دیکەی سیاسەتی حزبە لە بواری تێکۆشانی کادیردا و پێویستی بە وردەکاری و تێفکرینێکی باش هەیە. گرنگی ئەو بنەمایە، خۆی لە تۆکمەکردنی سەرکردایەتیی حزب و پەرەپێدانی چالاکی لە هەموو بوارەکانی ڕێکخراوەیی و بەهێزکردنی فاکتەرە خودییەکان لە سەرکردایەتی و گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە. بەهۆی پیادەکردنی ڕاستودروستی ئەو بنەمایە، پێکهاتەی کادیران بەهێز دەکرێت و بە بەردەوامیش خەڵکی هۆشیار و تازە دەخرێنە نێو مەیدانی کاری حزبییەوە. ئەوەی لەو بارەیەوە پێویستە هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە دەبێ پێشخستنی کادیر بەپێی پێداویستیی گەشەی حزبی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە ئەنجام بدرێت. نابێت ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی ڕەمەکی و بێ بەرنامە بەڕێوە ببرێت. هەر لەبەر ئەوەی فڵانە کەس ماندووە، کۆنە لەگەڵ حزبدا، یان هەر پاساو و بیانوویەکی دیکەی لەو جۆرە ببێتە پاڵنەر بۆ پێشخستنی کادیر، بەڵکوو دەبێ ئەو بنەمایە بەگوێرەی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و هەڵسەنگێندراو و زانستیانە و بەپێی پێداویستی و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئاستەکانی کادیر و دەستەبەرکردنی گشت بوارەکانی دیکەی پێگەیاندن و ئامادەسازییەوە ئەنجام بدرێت و پشتبەستوو بێت بە هەڵسەنگاندن و لەسەرڕاوەستانێکی ورد و دادگەرانەی کار و چالاکی و دڵسۆزی و لێهاتوویی کادیر، هەروەها نابێت

کەسێتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کادیر و سەرکردەی حزبی فەراموش بکرێت.

یەکێک لە مەترسییەکانی سەر یەکێتی و تۆکمەیی و پاکیی ڕیزەکانی سەرکردایەتی و نێوەند و ئۆرگانەکانی حزب، خۆی لە لەدەستدان و فەرامۆشکردنی پێوەر و بنەمای خەباتگێڕانە لە بواری پێشخستنی کادیردا دەبینێت، هەر کاتێک گیانی هەڕەمەکیانە زاڵ بوو، بەرنامەی پێشخستن دەشێوێت و ئەو پرۆسیە بە لاڕێدا دەڕوات و دەکەوێتە ژێر گوشاری هەنگاوی ناحزبی و شتی مەزاجی و تایبەتی و تەنانەت هەنگاوی گومانلێکراوانەش.

سەرکردایەتی و کادیرانی حزبی، ئەو ڕەمز و ڕوخسارەن کە جەماوەر، ڕادەی دڵسۆزی و تێکۆشەرێتیی حزبیان پێ هەڵدەسەنگێنێت، بۆیە هەر پێشخستنێکیان لەسەر بنچینەی خزمایەتی و برادەرایەتی و ناوچەگەرێتی و دڵسۆزیی کەسیی بۆ ئەم و ئەو زیان بە حزب و کۆمەڵ دەگەیەنێت و نابێت چاو لەو کەسانە بپۆشرێت کە بەرپرسێتیان لە حزبدا هەیە و ناتوانن لەو بەرپرسێتییەیان سەرکەوتووبن و نابێت خاڵە لاوازەکانیان بۆ داپۆشرێت، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی و ناوچەگەرێتیی بەرتەسک و دەستەبەندیی ناحزبییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرژەوەندییەکی دیکەی حزب و کۆمەڵی تێدا نییە و کادیری خەباتگێڕ و دڵسۆز و کارامەش بەم شێوازە دروست نابێت. لە جێی خۆیەتی ئەو ئامۆژگارییەی 'جیۆرجی دیمترۆڤ' بە بیر بێنینەوە: "ئێمە دەبێ بە هەموو تواناکانمانەوە یارمەتیی ئەو کادیرە حزبیانە بدەین بۆ پێگەیشتن و دروستبوونیان و ڕێ بگرین لەو کادیرانەی کە بە گیانی بیروکراتیانە هەڵسوکەوت دەکەن و هیچ ئومێدێک بۆ پێگەیشتن و چاکبوونیان نییە و تەنیا لە زۆربڵێیی بەو لاوە هیچ شتێکی دیکەیان لە دەست نایەت و لە بواری کردارییەوە دەردەکەوێت کە لە هیچ ڕوویێکەوە توانای سەرکردایەتیکردنی حزبیان نییە". ئەو کادیرانە، حزب بە شتی لابەلا سەرقاڵ دەکەن و چالاکیی حزبی سست و بێگیان دەکەن، حزب پێویستە بەوپەڕی بڕوا بەخۆبوونەوە هەوڵ بدات لە جێی ئەوانە، کادیری نوێ ئامادە بکات و پێشی بخات بۆ سەرکردایەتیکردن و هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی.

**٤- دابەشکردن و خستنەکاری کادیر:**

پرسی دابەشکردن و خستنەکار و هاندان بنەمایەکی زۆر گرنگی سیاسەتی حزبە سەبارەت بە کادیر. ئەو دابەشکردن و خستنەکارەی کادیر، پێویستە بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی هەموو ئاست و لایەنەکانی کادیر و لە بەرچاوگرتنی

بارودۆخی حزب ئەنجام بدرێت. هەر وەک جەختی لەسەر کراوەتەوە، حزب دەبێ بایەخ بەو کادیرانە بدات کە لە ڕووی سیاسی و هزری و ڕێکخستنەوە هۆشیارن و توانای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی کێشە و گیروگرفتەکان و ساردی و گەرمیان هەیە. زۆر جار بووە کادیرێکی حزبی شوێنێکی گرنگ و هەستیاری گرتووە، بەڵام لەگەڵ بچووکترین گرفت بەرگەی نەگرتووە و مەیدانی چۆڵ کردووە، تەنانەت جاری وا هەبووە وازیشی لە حزب هێناوە و ڕادەستی دوژمن بووە.

پێویستە دابەشکردنی کادیر بەسەر ئۆرگان و کارەکانی حزبدا، دابەشکردنێکی دروست و هەڵسەنگێندراو بێت و تێکبەستنەوەیەکی داڕێژراو لە نێوان ئەرکی حزبی و توانا و لێهاتوویی کادیردا هەبێت. لینین جوانی نووسیوە: "زۆر کەم لە کادیرانی ئێمە لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان گەیشتوون، چاویان لەوەیە هەموو شتێک لە دەستی خۆیاندا بێت و بیست پۆست و کاری حزبی بگرنە دەست، بە بێ ئەوەی بتوانن تەنیا یەک لەو کارانە ڕابپەڕێنن، ئەمە نەک هەر یارمەتیی خستنەکار و وەگەڕخستنی شیاوی کادیر نادات، بەڵکوو ڕێش لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی خەڵکانی تازە دەگرێت. ئەگەر بنەمای (هاوڕێی شیاو بۆ شوێنی شیاو) پەیڕەو بکرێت و بە ڕێکوپێکییەوە جێبەجێ بکرێت، ئەوا گوڕوتین و چالاکیی کادیر باش پەرە دەستێنێت و کەسایەتی و شکۆی کادیری سەرکردایەتی و پێگەی حزبی و ڕێکخراوەییمان بەهێز دەبێت".[١]

بە پێچەوانە، پێشێلکردنی ئەو بنەمایە، پشێوی و ئاڵۆزی دەخاتە نێو ڕیزەکانی ڕێکخستن و چالاکیی حزبی پەک دەخات. هەر کاتێک حزب بتوانێت کادیری هۆشیار و کارامە و ئەوانەی کە سووتاوی کارکردنن لە شوێنەکان دابنێت و جێگیریان بکات، ئەوا ئەرکە حزبییەکان لەو شوێنە سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێن. کادیر ئەگەر بە ئامادەیی و دڵسۆزی و ڕەزامەندیی تەواوەوە ئەرکێکی گرتە ئەستۆ، هەوڵ دەدات بەوپەڕی لێبڕاوی و بە هەموو توانایەوە ئەنجامی بدات و بە هەموو جەستە و هزر و شیانییەوە لەگەڵ ئەو ئەرکەیدا دەژیت و ئەنجامی باش دەداتە دەستەوە، بەڵام هەر کاتێک کادیر پێچەوانەی ئەوەی باسمان کرد و بە ڕاڕایی و خاوخلیچکی و بێ هەبوونی گیانی حەماسەت و تێکۆشان و بە شێوەیەک کە پێی وابێت ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بە زۆری بەسەریدا سەپێندراوە، هەڵسوکەوت بکات، ئەوا لە بازنەیەکی بۆشدا دەخولێتەوە و لەگەڵ ئەو خولانەوەیەی خۆیدا، چالاکی و ڕێکخستنی حزبیش تووشی خولانەوەیەکی بێهوودە دەکات و هیچ شتێک ناچێتە پێش و هیچ

[١] کورتەیەک لە ژیان و کردەوەکانی لینین، وەرگێرانی کەریمی حیسامی.

ئەرکێک ئەنجام نادرێت. بۆیە هەمیشە جەخت کراوەتەوە کە دابەشکردن و خستنەکار و گواستنەوەی کادیر دەبێ بەپێی پێداویستی ئۆرگانەکانی حزب ئەنجام بدرێت.

هەندێک کادیر هەن، پێشتر بە هەر جۆرێک بێت توانیویانە بگەنە پۆستێکی گرنگ و تەنانەت بگەنە سەرکردایەتیی حزبیش، بەڵام دەردەکەوێت لە بواری پراکتیکدا هێچیان لەباردا نییە، کەچی پێیان وایە تەواو، مادام ئەوان متمانە و ڕەوایەتیی حزبیان پێ دراوە، ئیدی نابێت ئەو متمانەیەیان لێ بسەندرێتەوە. حزب لە بەرامبەر ئەوانەدا نابێت بێدەنگ بێت، پێویستە بە بەردەوامی ئەو ئەرکەی پێیانی سپاردووە لەگەڵ کار و چالاکی و تواناکانیاندا بەراوردی بکات، ڕەنگە کادیر هەبێت لە قۆناغێکی دیاریکراو و بۆ کارێکی دیاریکراو شایستەیی هەبووبێت و حزبیش متمانەی پێدابێت، بەڵام ئەو کادیرە نەیتوانیوە لەگەڵ پێشکەوتنی حزب و گۆڕان و پێشکەوتنەکانی ژیان هەنگاو بنێت و هەر لە شوێنی خۆیدا خولاوەتەوە. ئەوە بابەتێکە زۆر لە حزبەکان بە دەستییەوە سەرقاڵن و وەک دیاردەیەک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

بابەتێکی دیکەش هەیە لە بواری دابەشکردنی ئەرکی حزبی، ئەویش سیاسەتی ڕازیکردن و شتی لەو جۆرەیە. ڕەنگە زیادەڕۆیی تێدا نەبێت گەر بڵێین، سیاسەتی ڕازیکردن بۆ کادیر واتای کوشتنی چالاکی و دیسپلینی ئەو کادیرە بگەیەنێت. حزب پێویستە بە هیچ شێوەیەک سیاسەتی ڕازیکردنی ناحزبی لە بەرامبەر هیچ کادیرێکی خۆی پەیڕەو نەکات و هەمیشە ڕاشکاوی و بەرچاوڕوونی لە بواری کارکردنی حزب لەگەڵ کادیردا پەرە پێبدات و جەختی لێ بکاتەوە.

**٥- چاکسازی لە بەرنامە و ڕێکخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی کادیر:**

حزب بە پیادەکردنی ئەو پرەنسیپە، یارمەتییەکی گرنگی کادیر دەدات کە لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کاروبارەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. ئەو بنەمایە کاریگەری و توانای حزب لە گشت مەیدانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەخات و دەیسەلمێنێت کە لە بەرامبەر ئەرکە سەختەکاندا خۆڕاگر بێت و بۆ پێشەوە بچێت.

وەک دەزانین، حزب هەمیشە پێویستی بەو کەسانە هەیە کە شانبەشانی کاری ئاسایی و ئەرکی ڕۆژانەیان، پەرە بە لایەنی سیاسی و هۆشیاریی خۆیان بدەن. حزب بایەخێکی باش بەوانە دەدات بۆ ئەوەی بتوانن ببنە پێشەنگ لە کاروباری دەوڵەت و گەشەپێدانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردە

و پێگەیاندن و کەسانێک بن کە لە کۆمەڵدا بە ڕاستی شایستەی ئەو پێشەنگییە بن. ئەوەی کە بە کورتی دەتوانین سەبارەت بە پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کادیر، ئاماژەی پێ بدەین، بریتییە لە:

ئا- گەشەپێدانی لایەنی هزری لە کادیردا: لەو بارەیەوە، بەر لە هەر شتێک پێویستە کادیر بخرێتە نێو بازنەی ڕووناکبیری و بە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە و گیانی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستیی گەل و نەتەوە و مرۆڤایەتی گۆش بکرێت. دەبێ بە شێوەیەک ئامادە و گۆش بکرێت کە توندوتۆڵ و ڕاستگۆ بێت لە (بیر و کردار و گوفتار)یدا، دەبێ بتوانێت سەرەدەری لەو دیاردە و کێشانە دەر بکات کە ڕۆژانە دێنە پێش و ڕووبەڕووی حزب دەبنەوە.

ب- بەرزکردنەوەی ئاستی کادیر: بۆ تێگەیشتن و شارەزابوونی لە ئەزموونی خەبات و چۆنێتیی سوودوەرگرتنی لە کاری خۆیدا، کادیر بە بەردەوامی پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هەیە. هەڵبەت هیچ کەس بە تەنیابالّی ناتوانێت لەو هەموو ئەرکە گرنگانەی کە پێویستە حزبێکی تێکۆشەر ئەنجامیان بدات، بە تەواوی سەرەدەری دەربکات و تێیاندا سەرکەوتوو بێت، مەگەر حزب و ئۆرگانە پەروەردەییەکانی حزب یارمەتی بدەن و بەپێی پێویستی ئەو بوارەی تێدا کار دەکات بەرچاوڕوونی پێ بدەن و مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامی پێ بکەن، جا ئەو ڕەوتە چ لە سەر ئاست و لە بواری تیۆرییەوە بێت چ لە بواری پراکتیکییەوە.

پ- جێگیرکردنی پرەنسیپی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ: تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی کە لە هەر شوێنێک سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ، زاڵ و باڵادەست بووبێت، ئەوا لەو شوێنەدا کادیری هەڵکەوتوو دەرکەوتوون، ئەو کارانەش کە بەپێی ئەو پرەنسیپە ئەنجام درابن، کەمتر هەڵەیان تێ کەوتوون و هەمیشە لە جێبەجێکردنیشدا ئاسانتر ئانجام دراون.

مەرجێکی گرنگ بۆ پێگەیاندنی کادیر و بەهێزکردنی ڕێکخستنی حزب، بریتییە لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و بەرپرسێتیی تاکەکەسی. لەو بارەیەوە لەسەر هەر کادیر و ئەندامێکی حزبی پێویستە کە گیانی دەستپێشخەری و داهێنان لە خۆیدا بەرجەستە بکات و هەر کاتێکیش لە بواری پراکتیکەوە نەیتوانی ئەرکەکەی وەک پێویست ئەنجام بدات، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی کارەکەی باس بکات و داوای هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بکات.

ت- پەرەپێدانی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن: ئەم پرەنسیپە لە بەهێزکردن و پێگەیاندن و چەکەرەکردنی هەستی بەرپرسێتیی کادیر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و حزبە خەباتگێڕەکان زۆر جەختیان لێ کردووەتەوە. حزب دەبێ ئەو هەستە لای کادیر دروست بکات کە خۆی بە بەرپرس دابنێت بەرامبەر ئەو تێبینی و ڕەخنانەی کە لە لایەن شانە و ڕێکخراوە حزبییەکان و لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە ئاراستەی دەکرێن.

ج- بنەمای چاودێریکردن: دانانی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ چاودێریکردنی کار و چالاکییەکانی کادیر، بایەخێکی زۆری هەیە. حزب لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسی و ڕێکخراوەییەکاندا بە ڕێکوپێکییەوە چاودێریی کادیرانی خۆی دەکات، هەروەها ڕایان دەهێنێت کە لە هەنگاو و هەڵسوکەوتیاندا خۆیان بە پرەنسیپە حزبی و بەها ئاکارییەکانەوە ببەستنەوە.

چ- پتەوکردنی ڕۆڵی پەروەردە و پێگەیاندن: گرنگیدان و پتەوکردنی ڕۆڵی ڕێکخراو و ئۆرگانە حزبییەکان لە پەروەردە و پێگەیاندنی کادیر و پەرەپێدانی توانا و لێهاتووییکادیری سەرکردە و دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی بەردەوامیان بە زانیاری و ئەزموونی نوێوە، ئەرکێکی حزبە و نابێت بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ بارودۆخێکدا پشتگوێ بخرێت، تەنانەت لەنێو گەرمەی شەڕ و لەژێر ئاگری چەکەکانیشدا نابێت لایەنی پێگەیاندنی کادیر و ئەندامانی حزبی فەرامۆش بکرێت.

ح- گیانی لەخۆبوردوویی و باوەر بەخۆبوون: دروستکردن و پێگەیاندنی گیانی لەخۆبوردوویی و باوەربوون و دڵسۆزی بەرامبەر ئەو متمانەیەی کە حزب بە کادیری دەدات، کارێکی گرنگ و پێویستە. کادیرێک ئەگەر زەحمەتی نەدایە بەر خۆی لە ئاست ئەو متمانەیەدا بێت کە حزب پێی بەخشیوە و هەمیشە پێی وابێت ئەو ئەرکانەی پێ ئەنجام نادرێن و باوەری بە خۆی نەبوو، ئەوا لە نیوەی ڕێگادا بەجێدەمێنێت و زۆر جاریش دەبێتە بارگرانیی بەسەر حزبەوە. لەو حاڵەتەدا حزب دەبێ بە بەرنامەی پەروەردەکردنی ئەو کادیرەیدا بچێتەوە و سەر لە نوێ کار لەسەر پێگەیاندنی بکاتەوە و دەرفەتی دیکەی پێ ببەخشێت، بەڵام ئەگەر بیندرا توانای وەرگرتنی ئەو کادیرە لەو بوارەدا بە ئەنجام ناگات، دەبێ لە بواری دیکەدا بیخاتە بەر پەروەردە و تاقیکردنەوەوە.

خ- بەرزکردنەوەی ئاستی هەستکردن بە خۆپێگەیاندن: حزب بە بەردەوامی کار لەسەر ئەوە دەکات کە هەستکردن بە پێویستبوونی خۆپێگەیاندن لە کادیرانی خۆیدا دروست بکات و بە بەردەوامی لەو بوارەدا کار دەکات و

کادیرانی خۆی هان دەدات کە خۆیان بە زانستە تازەکان پەروەردە و گۆش بکەن و بتوانن لە مەیدانی پراکتیکدا سوود لەو زانستە تازانە وەربگرن کە تایبەتن بە پرۆسەی گۆڕانکاری و پێشخستنی کۆمەڵ. لەو ڕووەووە وێڕای یارمەتیدانیان و کردنەوەی خول و بازنەی پێگەیاندن بۆیان، بەدواداچوون و چاودێریشیان دەکات.

لە قۆناغی سەختی خەباتدا، هەر کادیرێک بەپێی ئەو بنەمایە هەنگاو نەنێت، بە جێ دەمێنێت و دەشبێتە بارگرانی بە سەر حزبەوە، حزبیش لەو شوێنەدا وەک جەستەیەکی نەخۆش و بێ کاریگەری دەمێنێتەوە.

بۆیە حزب دەبێ تێکۆشانێکی بەردەوام و هەمەلایەنە بکات بۆ بەرجەستەکردنی ئەو تایبەتمەندییە پێویستانەی کە هەر سەرکردەیەکی هاوچەرخی حزبی پێویستی پێیان هەیە و ئێمەش لە بەشی یەکەمی ئەم نامیلکەیەدا، باسمان کردوون و لەسەریان وەستاوین، لێرەشدا جەختیان لەسەر دەکەینەوە و بە بیریان دێنینەوە کە دەبێ کادیری خەباتگێڕ و سەرکردەی حزبی بەپێی پێوەری سەردەمیانە و لەبەرچاوگرتنی بنەما یاسایی و ئاکارییەکان کاریان لەگەڵدا بکات. ناکرێت کادیرێک بە سووک و ئاسانی بگاتە سەرکردایەتی حزب، لە کاتێکدا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە پێشینەیەکی خراپی هەبێت، بە تایبەت ئەوانەی ڕۆژانێک لە ڕیزی دوژمنانی گەلدا کاریان کردووە، چونکە زەحمەتە ببنە جێمتمانەی جەماوەر و هەمیشە بە گومانەوە لێیان دەڕواندرێت، ئەوەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی چالاکیی حزب لەو شوێنەی کاری تێدا دەکەن.، بۆیە حزب پێویستە هەستیار و هۆشیار بێت بەرامبەر ئەو بابەتە.

**٦- دابینکردنی کادیری یەدەگ و بایەخپێدانی بەردەوامیان:**

دروستکردن و دابینکردنی کادیری یەدەگ بۆ هەر حزبێک کە بیەوێت درێژە بە ژیانی سیاسی بدات، پرسێکی ژیارییە. مەحاڵە حزب بە تەمای چەند کادیرێک لە دەستپێکی کارەوە تا کۆتایی بتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بەڵکوو پێویستی بە کەسانی تازە و توانای نوێوە هەیە. ڕاستە کادیرە دێرینەکان لە زۆر ڕووەوە خاوەنی ئەزموونی باشن، تێکۆشانێکی بەردرێژیان هەیە و لە خەباتدا قوربانیی زۆریان داوە، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی حزب و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵ، حزب پێویستی بە کەسانی زیاتر و توانا و شارەزایی تازە دەبێت. جگە لەوە، لە ڕەوتی تێکۆشانی حزبدا، پرسی بژارکردن، بنەمایەکی گرنگە و حزبە خەباتگێڕەکان بە بەردەوامی کاری تێدا دەکەن، وەک

هەمووومان دەزانین ئەو کەسانە کەم نین کە شوێنێک بە ناهەق لە حزبدا دەگرن و بە هیچ کلۆجێک ئامادە نین بۆ لاوانی نوێ بە جێی بێڵن، خۆشیان هیچ گوڕوتینێکی کارکردنیان تێدا نەماوە، هی دیکەش هەن کە پلە و پایەی حزبی بۆ مەبەستی تایبەتی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکانیان بە کار دێنن، بۆیە حزب پێویستە وێڕای بژارکردن ، بە بەردەوامی گرنگی بە پێگەیاندن و دابینکردنی کادیری نوێ بدات و لەگەڵ گەشەسەندنی قۆناغەکە و بارودۆخی نوێدا، خەڵکی ئامادەی هەبێت کە پێشەنگیی ئەو قۆناغە بکات، ئەگینا بە جێ دەمێنێت و ناتوانێت کاروانی تێکۆشانی خۆی درێژە پێ بدات و بە ئەرکی مێژووی خۆی هەستێت. لەو بارەیەوە دەبێ بەرنامەیەکی داڕێژراوی هەبێت و کادیرانی خۆی ڕووبەڕووی ئەرکی حزبی بکاتەوە و هاوکاریان بکات، کە خاڵە گەشەکانیان پەرە پێ بدات و خاڵە لاوازەکانیان دەستنیشان بکات. یارمەتیدانی کادیر بۆ هەر حزبێکی خەباتگێڕ، پرسێکی زۆر لەپێش و پێویستە و لە بەهێزبوون و تۆکمەیی ڕیزەکانی حزب و فراوانبوونی بنکە جەماوەرییەکەی ڕەنگ دەداتەوە. فەرامۆشکردنی ئەو بنەمایە، حزب تووشی پووکانەوە دەکات، بۆیە دەبێ چاوی لەسەر هێزی نوێ و لاوانی خوێنگەرم بێت. ئەو کادیرانەی کە لە ڕووی تەمەن و توانای کار و لە ڕووی هزرییەوە پیر دەبن، ئەوانەی لە حزب دەردەچن و ئەوانەیش کە لە میانی خەبات و تێکۆشاندا گیانیان دەبەخشن، بۆشاییێک لە حزبدا دروست دەکەن، ئەمە دەبێ بەپێی پێداویستیی قۆناغەکە و بەگوێرەی تایبەتمەندیی حزبییەوە شوێنیان بە کەسانی شایستە پڕ بکرێتەوە، بە شێوەیەک کە حزب نەک هەست بە کەموکورتی نەکات، بەڵکوو ئەو پرۆسەیە بکرێت بە خاڵێکی گەش بۆ پەرەپێدانی ڕێکخستنی حزب.

حزبی خەباتگێڕ، بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ جێگیرکردنی کادیر و لە کۆنگرە و کۆنفرانس و وەرچەرخانە مێژووییەکاندا، باس لە داهاتووی حزب و ڕێگە و شێوازەکانی گەشەسەندنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری دەکات و بەرنامەی گونجاوی بۆ دادەڕێژێت. هیچ کات هەڕەمەکی ناچێتە دوای کار، لەو ڕێڕەوەشدا باشترین کادیر بۆ سەرکردایەتیکردنی حزب ئامادە دەکات. ئەو ئامادەکردن و پێگەیاندنە و ئەو بنەمایە دەبێ بە بەردەوامی پەرەی پێ بدرێت و ببێتە سەرمایە و کلتوور و مێژوویێکی گەش بۆ حزب.

**٧- هەڵسەنگاندنی کادیر:**

هەڵسەنگاندن بنەمایەکی گرنگ و پێویستی حزبە خەباتگێڕەکانە و لە بواری گەشەپێدانی حزب و پاکڕاگرتنی ڕیزەکانیدا ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە. هەڵسەنگاندنی ڕاست و سوودمەند ئەوەیە کە بابەتی و دادگەرانە بێت و لە چوارچێوەی سەرەتاکانی کاری حزبدا دەرنەچێت. ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کادیران و چالاکیی حزبیش پەرەدەسێنێت. هەڵسەنگاندنی دادگەرانە هەمیشە دەبێتە هۆی ئەوەی کادیر هەوڵبدات کەموکورتییەکانی خۆی نەهێڵێت و خۆی بخاتە سەر ڕێی دروست و بەرنامەی گونجاو دابنێت بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆی لە ئەنجامدان و ئەرکەکانیدا، هەر بەم شێوەیەش دەشێت سوود لە توانای هەمووان وەربگیردرێت و هاوڕێی شیاو بخرێتە شوێنی شیاو.

ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەرن بۆ هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی کادیر، بریتین لەمانەی خوارەوە:

ئا- بەکارهێنانی لۆژیکی هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی کادیر، کارێکی پێویستە و هەر کاتێک یەکلایەنە تەماشای بابەتەکان کرا کەموکورتی تێدەکەوێت. هەڵسەنگاندن لە ڕێی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و لە ڕێی ئۆرگانە حزبییەکان و گوێگرتن لە جەماوەری حزبی و ئەوانەیش کە سەروکاریان لەگەڵ کاری کادیرەکەدا هەیە، دەبێ ئەنجام بدرێت. لەبەرچاونەگرتنی ڕاوسەرنجی ڕێکخراوەکانی خوارەوە، لە پرسی هەڵسەنگاندنی کادیردا، بڕیاری سەرچیخانە و ناتەواوی لێ دەکەوێتەوە. هەر وەک ئاماژەی پێدرا، هەڵسەنگاندن دەبێ دوور بێت لە شتی خودی و تاکە کەسی، بەڵکوو دەبێ لە ڕێی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و بەوپەڕی ویژدان و بەرچاوڕوونی و زانیاریی هەمەلایەنەوە ئەنجام بدرێت. لە بەرامبەر کادیرە چاک و دڵسۆزەکاندا هاندان و پێشخستن هەبێت و بەرامبەر ئەوانەش کە لە پەیڕەوی نێوخۆی حزب دوور دەکەونەوە و دەکەونە دوای شتی تایبەتی و لە ڕووی ئاکارییەوە دادەشۆرێن و ناو و ناوبانگی حزب لەکەدار دەکەن، سزادانی توند هەبێت، جا ئەو کادیرە هەر کێ بێت و پێشینەی خەبات و پلە و پایەی هەرچی بێت لە حزبدا، بەڵام پێویستە جەخت بکەینەوە، کە هەڵسەنگاندنەکە هەمەلایەنە و لە ڕێی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ و لە چوارچێوەی بنەماکانی حزبدا بێت.

خاڵێکی دیکە کە کەمتر کاری تێدا کراوە، ئەوەیە کە حزب پێویستە ئەو نەریتە بۆ کادیرانی خۆی دروست بکات کە لەسەر خودی خۆیاندا هەڵسەنگاندن بدەن بە حزب و ئەو هەڵسەنگاندنەش لە ئۆرگانی تایبەتدا شی بکرێتەوە و بەراورد

بکرێت لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنانەی دیکە کە لە ڕێکخراوەکان و لە لایەن جەماوەرەوە بە حزب دەگەن. ئەمە کادیر بەرامبەر بە حزب ڕووبەڕووی بەرپرسێتییێکی گەورە دەکاتەوە و ڕاستگۆیی کادیر پەرە پێ دەدات و ئەو ڕاستگۆییەش کە پێویستە هەبێت ساغ دەکاتەوە.

ب- هەڵسەنگاندن لە میانی کارکردندا، ئەمەشیان شێوازێکی دیکەی کارکردنی حزبە لەگەڵ کادیردا. لەو بارەیەوە دەبێ حزب هەڵسەنگاندنی وردی هەبێت لەبارەی کار و بەرهەم و چالاکیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ڕاگەیاندنی و بەڕێوەبەرێتیی ئەو کادیرەیدا. شێوە و چۆنێتیی کارەکە هەڵبسەنگێنێت و لەگەڵ توانا و ئامادەیی کادیرەکەدا بەراوردی بکات، خاڵە لاوازەکان دیاری بکات و کار لەسەر خاڵە گەشەکان و پەرەپێدانیان بکات. زۆر جار گۆڕینی شوێنی کاری کادیر دەبێتە پێویستییێکی بەرهەست، هەندێک کادیر بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوەندە بە شوێنی کارکردنیانەوە پابەند دەبن، کە ئەو سووربوونەیان لەسەر مانەوەیان لەو پۆستە و لەو شوێنەی کارکردنەدا دەبێتە جێی پرسیار، حزب نابێت هیچ بوارێک بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە بهێڵێتەوە.

پ- هەڵسەنگاندن لە میانی بەرنامەی پەروەردە و خولە ڕۆشنبیرییە حزبییەکان، لە لایەک و توانای خودی کادیران لە بواری خۆپێگەیاندن لە گشت لایەنە ئاماژەپێکراوەکان لە لایەکی دیکەوە، هەمیشە جەختی لێ کراوەتەوە. ئەم شێوازە هەوڵدانێکی دیکەی حزبە بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی باشترین کادیر و سەرکردە و فراوانکردنی بنکەی جەماوەری و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی.

ت- هەڵسەنگاندنی یەکێتی و هەماهەنگی لە نێوان هاوڕێیان و ئەو دەستە و بنکە و ڕێکخراوە حزبیانەی کە کادیرێکی دیاریکراو سەرپەرشتیان دەکات. دەستەی حزبی لە هەر بنکە و دەزگایەکدا ئەگەر هەماهەنگی نەبێت لە ڕاپەڕاندنی کارەکان و (هەر هاوڕێیەک لە ئاشێکی لێ کرد) و کەس گوێی لە کەس نەگرت، ئەوا ئەو دەستەیە سەری لێ دەشێوێت و چالاکیی حزبی دەوەستێت و هیچ سەرکەوتنێک نایەتەدی.

**٨- چاودێری و بەدواداچوون سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان:**

ئامانجی سەرەکیی ئەو بنەما گرنگەی حزب لە بواری کارکردن لەگەڵ کادیردا، ئامانجێکی بنیاتنەرانەیە و لە پێناو پێشکەوتنی کادیر و بەهێزکردن و دوورخستنەوەیەتی لە کەموکورتی و خاڵە لاوازەکان. بەم شێوەیە،

چاودێریکردن پرەنسیپێکە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی تاک بە تاکی کادیر و ئەندام و لایەنگرانی حزب.

ئەمە پرۆسەیەکی بەردەوامی حزب و سەرکردایەتی و ڕێکخراو و ئۆرگانەکانیەتی، کە بە دەستنیشانکردنی کادیر دەست پێدەکات و بە ئامادەسازی و خستنەکاریدا تێدەپەڕێت و دەگاتە چاودێری و هەڵسەنگاندنی. زێدەڕۆیی تێدا نییە ئەگەر بگوترێت گەورەترین حاڵەتی نوشست و خەمساردی و کەمتەرخەمیکردن لە ئەنجامدانی ئەرک و گوێنەدانە کارەکان، لە نەبوونی چاودێریی بەردەوام و بابەتیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

حزب بە بێ ئەو چاودێرییە لە توانایدا نابێت بواری خەباتێکی بەرهەمدار دابین بکات و ڕێ لە گیانی بیروکراسی و خاووخلیچکی و دەستەوەستان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرکردایەتیکردن و ڕێکخستن بگرێت. ئەو چاودێری و بەدواداچوونە، دەبێ هەموو دەزگا و بازنەکانی حزب و هەموو کەس بگرێتەوە. لەو بارەیەوە، هەر چاودێریکردن لە ئەنجامدانی کاری کادیر بەس نییە، پێویستە حزب چاودێریی ژیان و بژێوی و بارودۆخ و ڕەوشی تایبەتی کادیر و خاووخێزانەکانیشیان بکات. ئەگەر کادیری حزبی کێشەی ژیان سەرقاڵی کرد، ناتوانێت وەک پێویست ئەرکی سەرشانی خۆی ڕابپەڕێنێت و دەکەوێتە ژێر گوشارێک کە لەسەر حزبە ئاگاداری بێت و کەناڵی تایبەتی هەبێت بۆ چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری لەو بارەیەوە و هەموو لایەنەکانی کادیری خۆی لەبەرچاو بگرێت. ئەمە دەبێ لە ڕێی سەرکردایەتیی بەکۆمەڵ، یان لیژنەی تایبەتەوە بەڕێوە ببردرێت، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ڕەنگە ئەو هاوکاری و هەڵسەنگاندن و چاوخشاندنە بە بارودۆخی تایبەتی کادیر، نادادگەرانە بێت و شتی کەسی و تایبەتی تێ بکەوێت، کە ئەمەش نەک هەر ژمارەیەک لە کادیران لە مافی شایستەی خۆیان بێبەش دەکات، بەڵکوو پشێویش دەخاتە نێو کادیرانی دیکە و مقۆمقۆی ناحزبی لە ڕیزەکانی حزبدا سەرهەڵدەدات و دەبێتە هۆی سەرقاڵبوونێکی بێهوودە بۆ حزب و چاککردن و ڕاستکردنەوەی دۆخەکەش وەختێکی زۆری پێ دەوێت، ڕەنگە هەندێک حاڵەت هەر ڕاستەڕێش نەبنەوە و گیانی ناوچەگەری و دەستەبەندیی ناحزبی و زۆر دیاردەی ناپەسندی دیکەی لێ دروست ببێت و بە شێوەیەکی نەرێنی کار لە ڕەوتی پێشکەوتن و ژیانی سیاسیی حزب و کۆمەڵدا بکات.

له کۆتاییدا دەڵێین؛ ئەو ڕەگەز و بنەمایانەی کارکردنی حزب لەگەڵ کادیر، کە لەم نامیلکەیەدا باسیان لێوەکرا، بەشێکی بنچینەیی پرۆسەی پێگەیاندنی کادیر و بەهێزکردنی ڕیزەکانی حزب و گەشەسەندنی کۆمەڵن و ڕەگەز و بنەما و فاکتەری دیکەش هەن، چونکە حزب هەمیشە لە پێشکەوتن و گۆڕاندایە و ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەش لەگەڵ خۆیدا شێواز و خەسڵەت و بنەمای دیکە دێنێتە کایە و ڕەوتەکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

****

تەواو